


نووسین : ئەحمەد ڕواندزی

# پێشەکی.....

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**ئەم کتێبە من نووسەرەکەیم تۆش نووسەری ژیانی خۆتی وابکە هەموو دێڕێکت شایەنی دووجار خوێندنەوە بێت ، ئێمە لەهیچ ڕۆمانێك ژیان نامەی خۆمان نەکەوتە بەرچاو لەتەواوی گۆرانیەکان بەهەڵە باس کراوین، لە کۆڵانە چۆڵەکان سەرما پشتی تەزاندین، ڕەنگە قسەی دڵی تۆش لەم کتێبە هەبێت چوونکە پشت بەستراوە بە نوسینی سەردیوارەکان و هەندێ لە کۆمێنت و پۆستەکان چیرۆکی پشت ئەمانە وەرگیراوە و کۆ کراوەتەوە و تێکەڵ کروان و چیرۆکێکی لێ درووست کراوە و  ئەم کتبەی لێی ئەرزش کراوە ، نازانم ناوی بنێم چیرۆك یان شحر یان ڕۆمان یان ژیاننامە پێشتر نووسین و ئەدەبی کوردی پێی ئاشنا نەبووە بۆیە شایەنی هەر هەڵەیەکە کەرووبدا  وەلێ هەندێ جار ئەوە دەنووسین کە هیوای پێدەخوازین ، هەندێ جار ئەوە دەنووسین کەلەدەست چووە زۆربەی جار بۆخۆمان دەنووسین بەپیتێك تەنها ئەوانە لێێ تێدەگەن کە هەستمان پێدەکەن، ڕاستی ژیان جەنگی خراپەکار و باشەکارەکان نیە ،بەڵکوو جەنگی خراپ و خراپترینەکانە دڵی هەر یەکەمان پڕە لە نامەی نووسراو ئەو نامە نووسراو و قسە نەوتراوانە لەم کتێبە یەکیان گرتووە ڕێچکەیەکی نوێیە بۆیە شایەنی هەر هەڵەیەکە ڕووبدا**

سڵاو خەدیجەی بێڕەحم، تامن نامە نەنێرم تۆ نایینێری .؟

خەدیجە من مانگێکە لەسەربازیم، بمبورە کەهەواڵم پێ نەیایت ، لێرە مەرگ لەژیان ئازیزترە، خەدیجە

خەمەناکن ئەوەندە قوڵن ڕۆ ئەچنە ڕۆحەوە ، خەدیجە

لێرە قەلەرەش و کۆتر لەیەك ئاو تینویەتی ئەشکێنن

پشیلەکانی ئێرە لەژێر سێبەری مرۆڤەکان پشوودەدن

خەدیجە لێرە میهرەبانی ئەبارێ، وەلێ دڵی من چێژ لەهیچ شتێك نابینێ، خەدیجە هەمیشە خەیاڵم لای ئێوەیە من ماندووم ماندوو بێ ئێوە تخوا نزای زۆرم بۆببکەن

هەتاوەکی زووبە زوو پێتان شاد ببمەوە، ئەی چەندە غەریبی ئێوەم ، من ئەزانم غوربەت و دوری ئێوە ڕۆح و تەمەنم لێ ئەستێنێ ، ئاخر من منداڵێکم ناتوانم جەنگی ئەو هەموو نەهامەتیە بکەم کێشەکە ئەوەیە ناتوانم

شەرحی دڵتەنگیم بۆکەس بکەم ئەوەش خوودی دڵتەنگیە، ئاخر من پڕم لە هیچ شەو نیە یەك دونیا مەڕاق لەگەڵ خۆم نەنوێنم، پێم دەڵێن بیرمەکەوە کەچی بیر لە بیرنەکردنەوەش دەکەمەوە هێندە پڕ بوومە لەهیچ ئیدی پوچیش جێی منی تیانابێتەوە ئەمەوێت دەربارەی بێکەسیم بدوێم لێرە بەڵام ڕوخسارێك نابینمەوە بێدەنگیم بشێوێنێ، هەموویان یەك پارچە نیگەرانی و بێتاقەتیم نیشان دەدەن، پێنووسەکان لێرە بۆ مەرگ نووسینەوە دەژین ئێمەش بۆ ژان، ئێمە وەك باندەکانی کۆتایی پایزن نین کەجێیان هێشتین ناتوانین بەتەنها بفڕین، بەتەنها ڕێگا پێنازانین بەڕۆحێکی پەرش و بڵاو، سەرقاڵ و سەرگەرمی ئەو ژیانەی کە نازانین جەنگ بەرەو کوێێ دەبات سەر لێشێواو رێگا ون دەکەین بێگومان پێویستمان بە کەسێکە لەم تاریکیە ڕووناکیمان بۆ بگرێت و نەهێڵێت بکەوین، لەکوێ ڕات کرد ڕابکات لەکوێ وەستایت بووەستێت،

ئێستا من لەسەر ترۆپکی شاخێکەوە لەو هەموو مرۆڤ و چراخان و ژاوەژاو  و قەرەباڵغیەی شار دەڕوانم کە دەرەقەتی خامۆش کردنی دڵتەنگی من نەهاتن، مرۆڤانێك هەرکاتێك لە دونیا ساختەکەیان هەڵدەهاتم،

دەکەوتمە نێو تەنهاییەکەی خۆمەوە !

حەوسەڵەی دواندن و گوێبیست بوونی هیچ وشەیەکم نماوە، دەستم ناوە لەڕووی هەر بیرکردنەوەیەك کە دێت بە مێشکم، هەمان ئەو بیرکردنەوە زۆرانەی وای کرد لە گەنجیما ڕۆحێکی هەشتاساڵەم هەبێت،

بەتاسەوە سەر دەکەم بەهەموو کوچەکانی بونمدا و،

بەشی زەردەیەك شادی بەدیناکەم، تەنانەت لەلووتکەی ئەم بەرزاییە توانای هاوارکردن بەسەر دار و بەردم نیە،

چەند سەختە لە ڕۆژگارێکی بەستەڵەك و سارد و سڕدا

شتێك له ناوەوەت بكوڵێت، خراپتر بڵێم كەس برينی ئەو سوتاوويە نابينێت، ڕەنگی جل و بەرگ و سپيەتی ددانەكانت فريويان بدات، چاوەڕێين ساتێك دڵخۆشبيت و تانە لە بێباكيت بدەن ،

سڵاو خەديجە

بەيانی يەكەم رۆژی جەنگە

ئەوە منم لەپێشی پێشەوەی سوپاكەوە

كۆمەڵێك گەنجی ديكەمان لەگەڵە

ئەوانيش وەك من لەژيان وەرسن

هاتوونەتە بەرەی پێشەوەی جەنگ

حەزدەكەم لەو جەنگەدا ..

فيشەكی يەكەم بەر من كەوێ !

كوڕێك لەولاوەيە ئەڵێ:-

نانا ! با بەرمن كەوێ

یەکێکی دی لەولاوە بەدەنگی بەرز ئەڵێ :-

نا بابەر من کەوێ

لێرەهەموو بێزارن لەبوونی خۆیان

خۆ ئەگەر بەریشمان نەکەوێ

بۆنی باڕووتی ئەو جەنگە، دەبێ کوێرمان کا

دەنگی تۆپ و تفەنگ و شتیش هەر دەبێ کاسمان کا

لەوجەنگە هەرچیەکمان بەسەربێ

هێشتا ناگاتە ئەو ڕۆژەی بەبێ چەك و ئامڕازی جەنگ

ئێمەیان کووشت ئاخر بڕینی دەست بەچەقۆ ئازاری کەمترە

لە بڕێنی لێو بە کاغەز چوونکە کاغەز بۆ بڕین نەکراوە،

هەروەها وشەکانیش بۆ کوشتن و بڕین نەکراون،،

ئێمە لێرە لە منداڵێکی لەبارچوو دەچین

لە دایکمان زیاتر کەس ئێمەی بیر نیە !

ئاخر گەر جەنگ نەبوایە ئێستا من و باوکم

پێکەوە بازاڕیمان دەکرد،

برا بچووکەکەم بەپێخاوسی نەدەمرد،

دایکم بێوەژن نەدەکەوت و خوشکەکانیشم قەیرە

نەدەبوون

گەر جەنگ نەبوایە

ئێستا ماڵمان پڕ پڕ بوو لە ڕووناکی

ئەو ڕووناکییەی لێمان ڕەویوەتەوە و

لەماڵی سەردارە چاوچنۆکەکان، گیرساوەتەوە

خەدیجە گیان کە شەڕ هەڵگیرسا تۆ لەیادم کە

بەکەس مەڵێ تۆفانێ لەناو مندایە ژێرنابێتەوە

باکەس نەزانێ لەناو ڕوحمی بوڕکان ڕاکشاوم

لەیادەوەری خۆت دەرم بێنە

وەك چۆن پاشاکان نقێم لە ئەنگوستیلەکانیان دەردێنن

وەك چۆن خودا یونسی لە زگی حووت دەرهێنا

جەنگێکی گەورە ئەقەومێ

مانگ لەناو دووکەڵی بیرەنەوتەکان ئەخنکێ.

تۆ مەچۆ بۆشەڕ ، کە تۆ بچیت بۆ شەڕ

ئەدی کێ گوڵی سەر گۆڕەکان ئاوبدات؟

بۆ دەچیت بۆ شەڕ ؟

کێ هەیە هێندەی تۆ لێی جوان بێت هەورەکان باوەشێن

بکات

تۆ مەچۆ بۆشەڕ تۆ مانگی یەکشەویت

بالەناو دووکەڵی گووندەکانا نەخنکێیت

تۆمەڵێ ناخنکێم ، ئەخر ئەی مانگی بەنازم

ئەخنکێیت !

خەدیجە گیان لەبەر خاتری چاوی تۆ !

حەزدەکەم جەنگ هەڵبگیرسێ

جەنگێك:

پڕووشکی ئاگرەکەی نەگات  بەهیچ کوێیەك و کەسی تیا نەکوژرێت

لەبەر خاتری چاوی تۆ حەز دەکەم

ئاوارەببین و بچینەوە بۆ ئۆردوگا

حەزدەکەم خێمەکانمان بەتەنیشتی یەکترەوەبن

بەماڵی ئێمەوە و ئێوە یەك تەنکی ئاومان هەبێت

بەیانیان بەیەك سابوون دەست و چاومان بشۆین

ئەوکات ناولەپی دەستی من و تۆ ، ڕووخساری من و تۆ

بۆنی یەك سابونی لێدێت ..

ئەگەر گەڕاینەوە بۆ ئۆردووگا !

هەموو ئێواران دەتوانم گوێ بۆ ڕادیۆ شکاوەکەی باوکت بگرم

کەلەناو درۆی هەواڵەکاندا بەدوای بەیانیەکی باشتر دەگەڕێت

ئەگەر ڕۆژێك گەڕاینەوە ئۆردووگا !

دەتوانم ئاگام لە هەموو نیگەرانیەکانی ماڵی ئێوەبێت

کێ دەڵێت : جەنگ هەموو شتێکی ناشرینە ؟

نا با جەنگ ڕووبدات !

ئاخر خەدیجە من بیری ڕۆژەکانی دوای جەنگ دەکەم

بەلایەنی کەمەوە لەو خانووە سەگانەی شار ڕزگارمان دەبێت

لەو زیندانە سەخیفە دیوار ئەوستوورانەی شار دێینە دەرەوە

منالەکان ئەگەڕێنەوە بۆ سرووشت

لەناو خۆل و دار و بەرد یاری دەکەن

لەژێر سێبەری خێمەکان ، جیاوازی هەژار و دەوڵەمەند نامێنێت

مندالەکان سەگ  و پشیلە بەخێو دەکەن

ئاخر لەشار بەبیانووی پیس بوونی فەرش و قەنەفە

نەیاندەهێشت سەگ و پشیلەی زۆرمان هەبێت

بەڵام ئێمە دەمانەوێ یەکی سەد دانە پشیلە بەخێو بکەین

لەم سەردەمە هاوڕێیەکی ئاژەڵت هەبێت زۆر باشترە لە مرۆڤ

لەبەر خاتری تۆ چەند حەزدەکەم جەنگ هەڵبگیرسێ

کە لە ئۆردوگا بووین

بینینی چاوەکانی تۆ گێگابایتی زۆری ناوێت و پارەی تێناچێت

بینینی ددانە برینجیەکانت پێوستی بە پڕکردنەوەی

کارتی ئینتەر نێت نییە !!

هەرلە دەرگای خێمەکە سەردەربێنم دەتوانم

بە دیقەی فوول HD لووت و چەناگە و چاوەکانت ببینم

کەلە ئۆردووگا بین ،،

دەتوانم جلەکانت ببینم بەسەر تەنافەوە

دەتوانم ئێوارانێك بلووزێکت بدزم و

شەوانە بۆنی بکەم و بیخەمە ژێر سەرینەکەم

کەلە ئۆردوگا بین هەموو شتێك جوانە .!

خوایەگیان ، خوایە جارێکی دی خوایە

شەڕێك هەڵبگیرسێ تا قیامەت بەردەوام بێت

چ جەنگێك لەو جەنگە جوانترە من و تۆ بهێنێتە نزیك یەکتر

چ جەنگێك لەوە پیرۆزترە من بەهۆیەوە چاوەکانت ببینم

خوایە جەنگێك هەڵبگیرسێ و کەسی تێدا نەکوژرێ

خۆمن داوای شتانێکی زۆرم نەکردووە من شتی زۆرم نەدەویست

بیرم نایە داوای شتانێکی گەورەم لەخوا کردبێت

## من تەنها دەمویست !

لەلادێیەکی دوورە دەستی ئەم دنیایە ژیانمان کردایە

ماڵێکی گڵمان بەتەختەی شینەوە هەبووایە

نزیك جۆگەلە ئاوی کانیەك ، لەپەنا دوو دار چناری بەرزدا

ماڵێکی زۆر گەورە نا ، تەنها دوو ژور و هەیوانێك

بەدوو بەڕەی ڕەنگاو ڕەنگی کوردیەوە

مەرکانیەکیش لەسووچێکی ماڵەکەدا تکتك ئاوی لێبڕژایە،

بۆنی تۆ ماڵی پڕکردایە لە بەرامت

پارچە ئاوێنەیەکی شکاومان هەبوایە

بەیانیان ، قژت بەدیار شانە بکردبا

ئەمویست هەموو خوێندەواریم هەر ئەوەندە بوایە

شەوانە لەبەر  چرایەك کتێبت بۆ بخوێنمەوە

چیرۆکێك تۆ لە نیوەی تێبگەیت..!

لەبەر من دڵت نەیە قسەبکەیت و

بهێڵی وەك خوێندەوارترین پیاو خۆم ببینم

شەوان لەسەربانی گڵی ئەو خانووەدا

لەگەڵ خوڕەی ناسکی جۆگەڵەکەو ، دەنگی سەگوەڕێکی دوور

بە نەرمەبایەکی بەهاریەوە ، سەیری ئاسمان بکەیت

تۆ لێم بپرسی کام ئەستێرە لەهەمووان گەورەترە

منیش وەك گەردوون ناسێك ، کەهیچ نازانێ

دەست بۆ گەشترین ئەستێرە ڕابکێشم

تۆش بێ دوودڵی باوەڕت بکردایە

سەیرکە خەریکە گووڵەکان ئاو دەدات، منیش چاییم لێناوە

شوشەکانی حێل و دارچینی و بەهاراتی، لای یەك ڕیزکردوە

گۆرانی عەدنان کەریمی هەڵکردووە، ڕێ پێدراوە

ماڵەکەمان بچووکە، بەڵام جوانە !

پێموت پێویست ناکا زۆر لە چێشتخانەبیت ، هێلکە و ڕۆنێك بکە و پێکەوە دەخۆین، دەزانی من خەیاڵی ئەم شتە سادەیەم دەکرد هەر ئەم شتە سادەیە بۆئێمە بووە بەخەیاڵ، من نەداوای بورجی دوبەیم کردوە نە هەژماری کەنەدا، من هەر ئەم شتە سادەیەم دەوێ تەواو !

من داوای شتانێکی زۆرم نەکردووە

من چیم داوا ئەکرد جگە لەوەی،

هێندەی زەردە پەڕێك تێڕامان و

هێندەی تابلۆیەك ڕەنگ و

هێندەی گوڵێك خەندە و

هێندەی پەپوولەیەك فڕین

بەڵام دونیا وایە خەدیجە

یەکەم جار مانگ تریفەکانی دەنێرێت ، ئینجا دوپشکەکان

کەدڵ بەستەی بوویت ، وەك ناپاکێك پشتت تێ دەکات

وەك فاحيشەيەك ڕووت لێوەردەگێڕێت !

دونیا وایە خەدیجە دونیا وایە

پیمدەڵێیت غەریبەکان خەون نابینن

بەڵام من لە کەرکووك ، ئەو ڕۆژانەی وەك سەگ

لە مەرگی خۆم هەڵدەهاتم ، تۆم لەیادبوو

تۆم لەیاد بوو ئەوکاتەی ......

لەسەر کۆنکرێتی ساردی سەنگەرەکان ئەخەوتم و ، تۆم لەیادبوو

خەدیجە ؟

بەبیرت نایەت ژێژکێکمان هەبوو لە ترسی فڕۆکەکان خۆی دەشاردەوە

ژێژکێکمان هەبوو بەگەنجی قارونمان نەدەدا

بەبیرت نایە لە ڕواندز ؟

تۆشیری بزنەکانت دەخواردەوە چوونکە تۆ دایکت نەمابوو !

حەزناکەم وەك ئەوانی دی ، بڵێم دنیا تەم بوو

بەڵام دنیــا تەم بوو !

کچۆڵەیەك بوویت لە ماشین ئەترسایت

لەتۆوایە مانگایە و خوا کردویەتی بە ئاسن

پێمدەڵێێ تۆ بێڕەحمی و ، ڕەحم لە دڵتا نیە

من لە کەرکووك ئەوکاتەی لای ماسیگرەکان خۆم گەرم دەکردەوە

تۆم لەیاد بوو !!

تۆم لەیاد بوو ئەو دەمەو ئێوارانەی ئاگر باران دەکراین

لە جەنگدا دوژمنەکان ڕاویان ئەنامو

تۆم لەیاد بوو بەڵام من چی تر من پەنایەك شك نابەم تا

لە ناو خۆم بۆ دەردێك بگەڕێم و بۆی باس کەم چیتر

وێنەی ئەو کاتانە ناکەم کە خەریکی ڕازاندنەوەی ژیانم

بوومتازە ناگەم بە خواستی خۆم، داچڵۆکاو ڕادەمێنم لە

خۆمێك كە نایبینمئەزیزەکەم تۆش چاو لە چاو منت دایەوە

دەست قەدەرێك قەت منی نەویستووە

ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکەم ژانێکە لە قوڕگەوە خۆی

گیر دەکا و هەناسە ناهێڵێت، هێدی هێدی دوریت خۆی

نزیکتر دەکاتەوە، من دەزانم ڕۆژێك بیری ئەو ئاهە پڕ

گلەیانەی من دەکەی من دەزانم و وەلێ جارێکیش

نایەمەوە بوون قەیناکا من ئازارەکان دەخۆمەوە و

قسەکانم بە فرمێسك دەنووسمەوە بەڵام چیبکەین ئاخر،

دنیا وایە خەدیجە دنیا وایە..

زمناکۆی هاوسەنگەرم پێمدەڵێت

کەی ئەو تەویلەیەی گەڕەك تێکدەدەن

مڕ دەبم لە پرسیارەکەی، چوونکە

وەڵامەکەیان گۆڕانێکی گەورەی گەرەکە

بە تەقاویدیەکەی پیرە باوك، هیچمان بۆ ناکرێ

کەس تێمان ناگا ، ئاخرنیمانە حەقتانە کە تێنەگەن

ئاخر ئێوە لە منداڵیەوە ، وشەی "نیە"تان نەبیستووە

خەدیجە گیان! ، من هێندەی چڵەگیایەك بووم..

کەگوێم بە "نیە" زرنگایەوە ، قەتیش بیرم ناچێتەوە

تائێستا هیچ شتێك هێندەی هەژاری ، یاری بە هەستەکانم نەکردووە

دایکم دەیوت؛

هەژاری نیحمەتێکە ، باری ئەم دونیایە گران دەکات

بەڵام حیسابی ئەو دنیا ئاسان دەکات، بیرمە دایکم زۆر دڵیدەدامەوە دایکم جەستەیەکی لاواز و بچووکی هەیە

بەڵام دڵێکی گەورەی هەیە ، دڵێکی زۆر گەورەی هەیە

کەهەموو کەس شادی و ماڵێکی بەخشندەی تیادەدۆزێتەوە

شتێکی دایکم زۆر لەلا نامۆبوو !

کاتێك دادەنیشت لەسەر فەڕشەکە

بەدەست دانە بە دانەی ئەو زبڵانەی کۆدەکردەوە کە

لەسەر فەرشەکە کەوتبوون ، بەخۆم دەوت :

چی دایکێکی سادەم هەیە !

مەگەر ئێمە گسکمان نیە ؟ ئەمە چی کارێکە دایکم

دەیکات

گەورەبووم ڕۆژێ چوومە قوڵایی بیرکردنەوە

غەرقی خەم و کێشەکانم بووم ، لەپڕبەخۆم هاتمەوە

دیتم ناودەستم پڕە لە وردەزبڵ

هەتاوەکو ئێمە چاومان کردەوە دایکمان قژی سپی کردوو

گۆشەی چاوەکانی لۆچی پەیداکرد لۆچەکانی بوون بە،

چەقۆیەکی کوول بۆ بڕینی جەرگمان، تەمێك لەسەر شانی

چەپی باوکمە، لەناو ئەو هەموو ئازارە بۆنی مردنی لێدێت

دەنگی مردن، هێڵێکی ناحەزی قەراخی وێنە

وەك جادەیەکی ڕەشی تازە قیرکراوی گەرم،

دڵ و ڕۆحمان دەسووتێنێ،

دنیا وایە خەدیجە دنیا وایە

ئێمە لێرە لە سەربازی هەر یەکەو چیرۆکێکی هەیە بۆ

هاتنی هەر یەکەو خەدیجەیەکی هەیە !

ئێمە لێرە

وەك ئەو منداڵە لاڵە واین کە دەستی بەر دەرگا کەوتووە

بەڵام ، ناتوانێ هاوار بکا .

ئێمە لێرە

وەك گۆرانیەکی کۆن ، خەریکە بیر هەمووان بچینەوە

ئێمە لێرە

ئەگەر شتێك هەبوایە لەبێدەنگی بێدەنگتر ، ئەمانکرد

ئێمە لێرە

هەریەکەو خەمێکی بە قورسایی کۆڵەپشتی باوکم لە

کۆڵبەری هەڵگرتووە

لێرە ڕوخساری هەمویان دەستیان کردووە بەنیشان دانی

ئەو ماندووبوونەی لە دڵیان دایە

ئێمە لێرە

ئازار و خەم و خەفەت بەجۆرێك لە باوەشمان دەکات

وەك بڵێێ منداڵی ئەوبین

ئێمە لێرە

زۆر هەوڵدەدەین دڵی یەك بدەینەوە بەڵام

لەو منداڵە دەچین دەیەوێت ختووکەی بووکەشوشە بێ ڕۆحەکەی بکاتەوە

ئێمە لێرە

نازانینن چۆن قەناحەت بەمێشکمان بێنین کە

شەو بۆ خەو کراوە نەك بیرکردنەوە !

ئێمەلێرە

نیوەشەو سەقفی ژوورەکەمان دەبێتە شانۆیەك بۆ

## دیتنەوەی یادگاریەکانمان

ئێمە لێرە ناتوانین بنووین وەك بڵێێ ئاگر لەنێو دڵمان دایە

ئێمە لێرە

یادگاریەکان مێشك و دڵیان خواردووین

کۆتاشەومان بوو پێکەوە ئیتر جەنگ تەواو دەبوو حەزم دەکرد پسیاریان لێبکەم ئاواتتان چیە منیش پرسیم

یەکێك وتی : من ئاواتم وابوو بگەم بە ئەو ئەویش ئاواتی وابوو بگات بەو !

یەکێك وتی : من لەم دنیایە بەس خۆم هەبوو ئەویشم دۆڕاند بەو

یەکێکیدی وتی : ئەمویست بچمەلای و پێێ بڵێم دەچمە سەربازی و بیرت دەکەم بەڵام ئەوانم پێکەوە بینی

یەکێکیدی وتی : هەموو شتم لێ ڕۆیی منداڵی گەنجی بەس دڵتەنگی نا

یەکێك هەبوو لە قوژبنی ژورەکە دانشتبوو جگەرەی ئەکێشا خەمی زۆر پێوەدیار بوو تێکەڵی کەسمان نەدەبوو حەزم کرد بچم قسەی لەگەڵ بکەم جگەرەم کردە بیانوو و قسەم لەگەڵ کرد .

وتم: دەتوانی جگەرەیەکم بدەیتێ فەرمووی لێکردم و وەرم گرت ، سەیری چاویم کرد وتم قسە ناکەیت شتێك هەیە؟

وتی؛ دڵم تەنگە و مەیلی قسەکردنم لەگەڵ کەس نیە خۆ بێکەسی لەزۆر کەس جوانترە ،تەنیایی لەگەڵ خۆمی هیچ و پوچ باشتر لەوەی لەگەڵ کەسی تربم، هەرکەسێك بێت هەموویان خەریکن کڵاو دەنێنە سەری یەك و درۆو خیانەت لەگەڵ یەکتری دەکەن، من لەگەڵ تەنیایی خۆم زۆر گونجاوم، نە ئەو من ئازار دەدات نەمنیش ئەو هەراسان دەکەم بە قەڵەباڵغی کەسێك لە هەسارەیەکی پر لە ئینسان تەنیایی هەڵبژاردووە، نامۆ نیە ! نا ئومێدە..

بینیت هێواش هێواش دڵمان لە بێکسی ، دەنگمان لەبێدەنگی ، چاومان لە تاریکی ڕاهات ، نەفەسێکی قوڵی لە جگەرەکەی دا و وتی:

بۆنی برینم لێدێت ، هەموو شتێك لەمندا هیلاکە، وەك ئەوەی شارێك وێران کرابێت هەست بەسووتانی هەموو شتێك دەکەم، گوێم لە قرچەی برینەکانمە، نەئەتوانم هیچ شتێکم بۆ گرینگ بێت و نەهیچم بۆ گرینگە، وەك تەنهاترین مەخلوقی ئەم کەونە چاوەڕێی ئازاری داهاتوو دەکەم، ئەم ڕۆژانە وا تێدەپەڕێنم، پاکەتەکەی کردەوە وتی:

سەیریکە پاکەتەکەم یەك جگەرەی تێدا ماوە نازانم بۆکام خەم هەڵیگرسێنم ،

وتم: تەرکی بکە،  وتی :

کاتێك بیری دەکەم جگەرەیەك دادەگیرسێنم جگەرە دادەگیرسێنم بیری ئەو دەکەم، خەندەیەکی کرد وتی: ئێستا کامیان تەرك بکەم .

ئەو، خەندەکانیشی بۆنی جگەرەی لێدەهات، هەستام

لەلای و خۆشحاڵیم دەربڕی و چوومە سەر جێگەکەم دەبوو

بخەوم بەڵام :

دیسان بوبوو بەشەو ئاخر من دەسەڵاتی گۆڕینی شەو و

ڕۆژم نیە، من دەسەڵاتی بێدەنگ کردنی ئەو ورتە ورتەشم

نیە کە خەریکە مێشکم دەخوات و دەڵێت نابێت تۆ

دڵخۆشبیت ، من مێشکم لەدەست دابوو بەڵام ئەوم لەیاد

نەکرد ئاخر تا بیرکردنەوەکانت زیاتر بێت دڵتەنگیەکانت

زیاتر دەبێت خۆ ئەگەر بەناو بیرکردنەوەکانم بگەڕێی

لەهەموو سوچیك و شوێك خۆت دەدۆزیەوە، دەبوو خۆم

سەرقاڵ بکەم ئەگەر بەهیچیش بوایە، خەریکە ئەو

ڕاستیە قبوول دەکەم کە ئیتر هیوایەك نەماوە بۆمن،

چوومە لای زمناکۆی هاوسەنگەرم دانیشتم کە هاوڕێی

منداڵی گەڕەکم بوو سەیرێکی کردم و بزەیەکی ساردی

کرد تێگەستم ئەخر ئێمە بەڵێنمان داوە بەکاڵکردنەوەی

جوانیەکان ڕابگەین ڕۆژنیە گوڵێك بەدەستی،

دوژبنەکانەوە سەرنەبردرێ، نا تۆ پێم بڵێ کەی بوو بۆ دواجار پێکەنین؟ پێم وانیە بیرت بێت

ئیتر وای لێهاتووە ئێمە لێرە هەمووومان شەڕ بەتەنهایی بفرۆشین و دەوار لەناو باخچەکانی غروردا هەڵدەین

لێگەڕێ باهەروابین، بۆ گەیشتن بەدڵێکی میهرەبان دەبێت دەیان دەستی نامەرد بگوشیت تەوقەی سەدان بەرژەوەندی خواز تێپەڕێنیت، بزماری سەت ڕێگات لەپێ ڕابچێت، لێم مەپرسە دەردت چیە ' تەنیایی و هەزار حەیب'

دەردێك و هەزار دەرمانی ساختە،

گۆرانیەك و کولانەوەی هەزار برین

خۆزگەیەك و هەزاران چاوەڕوانی

هاوڕێیەك و هەزار دڵشکان

ژیان و سەدەیەك مردن

سەختر بڵێم ئیتر حەوسەڵەی دەردەدڵیشت نەمێنێ

کلیلی ناوەوەت ئێوارانێك لەسەر دیواری باخچەیەك،

جێدەهێڵیت، ئیتر دەرگای دڵت لەهەمووان دادەخەیت

چوونکە گەشتویت بەجێگەیەك دەبینیت، نە دڵێك ماوە

گوێت بۆبگرێت نە دەردێك هەیە لە حیکایەتی تۆ بچێت،

ناچارین ئیتر ئومێدەکانمان لەپشت دیوارێکی بەردین

بشارینەوە، بە نهێنی دڵخۆشبین و خۆشی بکەین،

ئاخر مرۆڤ ترسناکە ترسناك !

تۆ بیستووتە پشیلەیەك بیر لە تاوان بکاتەوە

پێوانیە ئەزیزم هیچ ئاژەڵێك ئەوەندەی مرۆڤ پەلاماری

ژیانی نەداوە، خۆ ئێمە لەم زبڵدانەی تەمەنمان تاڵی

تێدەپەڕێنین، ژەهر دەچنینەوە، تاڵی وەکو پاڵەوانێکی

دۆڕاوی ناو ئەفسانە جەنگیەکان، خۆمان شمشێر و

هەرخۆشمان سەربازێکی برینداریین، هەندێکجار دەڵێم

خۆزگە زەوی ڕۆژێك دەپژمی و منی لەدەم و لوتی

فڕێدەدایە هەسارەیەکی تر، بۆچی نا ؟

کە خەریکە بۆنی کراسەکەی دایکیشمان لەبیر دەچێتەوە

ڕەنگەکان ناناسینەوە، تەنانەت وەرزەکانیش لەکاتی

خۆیاندا ناگەڕێنەوە ،خەریکە ژیان بە گۆچان دەروات

من دەمەوێت دوورکەومەوە تەنانەت هیچ کەسێك دەستی

پێم نەگات وەکو کۆرپەیەك لەزگی دایکی دا بپوکێتەوە،

سەرێکم و هەزاران سەر لەناخم بوونە پسیار، گومانێکی

ڕەشیش خەریکە وەڵامەکان دەخوات،

تاریکی ژیان سەر لە ئێوارە دیارە

پێم مەڵێ ڕادێی، تاکە ڕاستی ئەوەیە من هێشتا لێرەم

وەکو گرێیەکی ترسناك بەناو هەناوی ژیانەوە نووساوم

کێ دێت بە گولەی تفەنگەکەی بمبڕێت، زمناکۆ ژیان زۆر

درێژەی کێشا، هەر لێرەم لێرە دوور لە چاوەکانی ،

زمناکۆش بێدەنگ بەدیار قسەکانم دانشتبوو ئیدی

بێدەنگی شکاند و خەریکبوو باسی منداڵی بۆ دەکردم،

وتی :

کاتێ دایکم نەخۆشبوو هەمیشە لە قوژبنێکی کۆڵان

ئەژنۆم لەباوەش دەگرت و چاوەڕێی مەرگی دایکم بووم

( خۆزگە مردن دەمرد بەس دایکم نا .. )

وتی کە تەرمی دایکمیان دەشووشت وتیان خاولی بێنە

هاوارم کرد و وتم ، دایە خاولیەکە لەکوێیە !؟

منیش بیرمە لە پرسەکەی دایکی دەیوت :-

بابە ئێوە شێتبوون جلی ڕەشتان پۆشیووە فاتیحا

مەخوێنن دایکی من نەمردووە هەتا ئێستا شەوان دێتە

ژوورەکەم تا سۆراغم بکات منیش بە ئەنقەست وەکو

جاران خۆم دەکەمە خەوتوو ، زمناکۆش لە منداڵیەوە دڵی

بەکچێکەوە ناوی پەری بوو هەتا دایکی بیربیەمەوە

پسیاری ئەوم لێکرد بەس بۆ زمناکۆ وەك ئەوە وابوو پێی

بڵێی خنکان لە شەپۆلەکان سەختره یان خنکان لە

تینوەتی دا، هەردووکی برین بوو ، وتی بوونی خەمێکە و

نەبوونی دووخەم چەند ئاڵۆزە، بەڵام هەست دەکەم پێك دەگەین چوونکە دایکم پێش مردنی دوعای خۆشبەختی بۆم دەکرد، مەگەر دەکرێ لەبیری بکەم !؟

منیش چوومەوە سەر جێگەکەم وتم:

شەوشاد، وتی؛

لەکۆتا شەوشادی ئەو شەو دانەهاتووە بۆم

ویستم بخەوم بەس زۆر سەیرە بەڕۆژ ئەتوانم بڕوا بەخۆم بێنم ئەوم نیە کەشەو دادێت هەموو شتەکان پێچەوانە دەبنەوە ئاخر دڵم پڕە لەو بەڵێنانەی نەتبردە سەر خۆزگە دەکرا دڵم بڕشێنمەوە ! زمناکۆ سەیری کردم وتی :

بخەوە بابە، بیرکردنی ئێمە ئایدزی پێوەیە کەس نایکات

منیش وتم : شەوێك دادێت بەرلە نووستن، چاوەڕێی هیچ کەسناکەین شەوشادمان لێبکا ئیدی حادەت دەگرین، بەبێ دەنگی و، دنیایەك هەناسەی ساردەوە بچینە خەوێکی قوڵ..

بەیانیەکەی پیاوێك هات و وتی جەنگ تەواو بوو بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە

بەڵام جەنگی ئێمە تەواو نەبوو

جەنگی ئێمە لە دەروونمان بوو لە نێوان ئەقڵ و دڵ بوو

ئێمە لەگەڵ هەر شتێك دەجەنگاین کە ئەومان لەبیر بباتەوە..

ئێمە بەس مابوو لەپێناو ترپەی دڵیشمان بجەنگین

لە ڕێگای چوونە ماڵ بووین گوێم لە گۆرانیەکی ئەژدەر وەهبی گرتبوو کە دەڵێت

( تۆ بۆچی دەنگت نیە !

تۆ بۆچی ڕەنگت نیە گوڵی من ؟

هێندە هۆگری دەنگت بووم ،،

چرپەی کەس ناچێت بەگوێمدا)

ئەژدەر ڕاستی، وت ئاخر یەکێك لە وێرانکاریەکانی دەروون هۆگربوونە بە دەنگێك..

لە خەیاڵی خۆم بومم زۆرم بیری خەدیجە دەکرد وەك زمناکۆ کە دەیوست تەلەفۆن بۆ دایکە مردووەکەی بکات خۆزگە جارێکیش خەیاڵ ڕۆڵی ڕاستی بگێڕابوایە دەی، چۆن ڕقم لەخەیاڵ بێت کە تەنها لەوێدا موڵکی منی

زمناکۆ بە ئاگای هێنا ها کاکی ئاشق فکرت بۆکوێ ڕۆشتووە ؟

ئێستا ڕوخسارە جوانەکەی خەدیجە بۆتە ملوانکە لە ملی یەکی تردا

پێکەنیم وتم :

خۆ بەهیچ نەگەشتم با ئەویشی بێتە سەر

خۆم پێموت ڕۆژێك خاڵە هاوبەشەکامان تەنها یادگاریەکانمان دەبێت

ئەی پەری تۆ چی بەسەر هات ؟

وتی: شتانێك هەن ئەو بیری ناکەوەوێتەوە و منیش بیرم ناچێتەوە وێنەیەکی کچێکی دەرهێنا وتی:

ئێستا و هەزار ساڵی تریش چاوەڕێی ئەو ڕۆژە ئەکەم ئەوەندە لەلام بێت  پێوستم بە وێنەکانی نەبێت بڕیارم داوەبەبێ دەنگی خۆشم بوێط چوونکە لەبێدەنگی هیچ شتێك ڕەت ناکرێتەوە ..!

منیش کاتی دابەزینم هاتبوو لەسەری کۆڵان ئەو کۆڵانەی

منداڵیم تێدا بەسەر برد من کۆڵان بە کۆڵان بەدوای خۆمدا دەگەڕام، بەس نازانم شەقامەکانی ئێرەهیچیان کورت نین

هەموویان لەدرێژیان داوە، ڕێگاکانی ئێرە

بەرلەوەی لەبەردەمماڵەوەت دابنێن

چەندان جار لەچەندان شوێن برین دەخەنە گیانت

برینی قوول قوڵ برینێك کە ئەو هیوایە لەدەست دەدەی

وەك جاران بگەڕێیتەوە ماڵەوە، کاتێك گەشتمە ماڵەوە

لەسەر تەختەی حەوشەی ماڵەوە دانشتبووم بیری

یادەوەری منداڵیّم دەکردنەوە خەدیجە لەیادتە هەمیشە بەمنت دەوت تۆ منداڵی منیش هەمیشە دڵم دەشکا و دەموت نا منداڵنیم بەڵام ئێستا کەبیر دەکەمەوە ئەزانم حەق بەتۆ بوو، من زۆر منداڵ بووم  وەك منداڵەکان بەبەسیت ترین شت دڵم خۆشدەبوو  وەکو منداڵەکان ئەهلی درۆ نەبوو وەك منداڵەکان دڵم پاك بوو کەدەموت خۆشمدەوێی یانی بەڕاستی خۆشم دەوێێ وەك منداڵەکان دڵم دەشکا و دوای دووخولەك چاك دەبوومەوە بەڵێ من زۆر منداڵ بووم ، بەڵام تۆ زۆر گەورە بووی خۆشویستنت قسەکردنت ڕەفتارەکانت وە زۆر شتیتریش وەکو مرۆڤە گەورەکان هەمووی درۆبوون، تۆ زۆر گەورە بووی، ئەزانیت تۆ زۆر زۆر گەورە بوویت !

بیرمە کاتێك منداڵ بووم، مامۆستایانی ئاینی ئەیان وت میهرەبان بن لەگەڵ مناڵان کاتی نوێژیش بەشەق ئەیان کردینە دەرەوە، حکومەت ئەڵێ لە خزمەتی هاوڵاتیان داین بەڵام ئێمە لەبەر بێ پارەیی ڕامان کرد بەرەو ولاتانی دەرەوە، تۆش وتت هەمیشە لات ئەبم بەڵام پێچەوانەی

قسەکانت بووی ، لەوانەیە تۆ یان کچە مەلایەك بیت یان کچی بالأدەستێك..ئەم بیرکردنەوانە مێشکم دەخۆن لەتاو ژانەسەر، چوار حەپم خواردوە ناو دەمم تاڵە هەڵدەستم ، دادەنیشم ، دەڕۆم ، دێم ، دادەنیشمەوە ، نەك وەك و منداڵی کە مامۆستا دەیگوت هەستن ، دانیشن بەڵکوو لە بێ ئارامیدا لە تاو بیرکردنەوەی قورس ، ژاوەژاوی ناو مێشکم ، ئەم بەنداوە چی دی بەرگەی گڵدانەوەی قسەکان ناکرێت ، کەلەی سەرم دەتەقێنێ بەمنداڵی مامۆستا فێردەکردین، بەلأم باشترین مامۆستای من ژیان بوو زۆر شتی فێکردم یەك لەوانە فێری واز هێنان و تەرك کردنی کردم، لەوەتەی هەم هەر خەریکی وازهێنان و تەرك کردنم، هەر لە کەلوپەلی یاریەکانم بگرە تا ئەو جل بەرگانەی ئیتر بەبەریان نەدەکردم، دواتر کە گەورەبووم باشتر ئەڵقم بەدنیا شکا تێگەشتم، تەنیا من نیم تەرکی شتەکان دەکەم،یەکێك لە هاوپۆلەکانم تەرکی مەکتەبی کرد ، دایکم تەرکی دنیای کرد، هاوڕێیەکی کۆنم تەرکی وڵاتی کرد، یەکێك لە پیرەمێردەکانی گوزەرەکە تووشی

زەهایمەر بوو ئەو تەرکی یادگاریەکانی کرد دەبوو تاوانەکە بخەمە ئەستۆی چارەنووس یان بارودۆخەکە نازانم تەنها ئەوە ئەزانم هەندێجار تاکە ڕێگای دەربازبوون تەرك کردنە ژیان مامۆستایەکی باشبوو چاك فێری تەرك کردنی کردم، لەو بیرکردنەوانە ئاگام لێبڕابوو خەوم لێکەوتبوو نازانم وابزانم خەمم لێکەوتبوو نەك خەو

دەڵێن دەرەوەی وڵات غەریبیە بەڵام من لەماڵی خۆم غەریبی تا قورگم هاتووە، قەڵەباڵخی ئەم ماڵە چۆڵە هیلاکم دەکات گێژاوی ورتە ورتی ئەم هەموو بێدەنگیە خەریکە دەمخنکێنێ، شەوقی ئەو تاریکیە زۆرەش خەریکە رۆحم کوێربکات بەس ناچارم خۆم بزمەوە ژیان ناچارت دەکا هەندێ جار ژیان ناچارت دەکا ئاو بەگوڵی دەسکردیش بدەیت،

بەیانی زوو بوو لەکرێکاری پاش ماندوو بونێکی زۆر پاکەت و چەرخەکەم هەڵگرت چوومە ژێر قادرمەکان پاڵم دایەوە قاچم ڕاکێشا چیدی بۆ گرینگ نەبوو جلەکانم پیسە یان نا

جگەرەیەکم داگیرساند تەواو بووم حەزم لە دووەم و
سێیەم و چوارەم بوو بیرم دەکردەوە بەپارەی کرێکاری
ناگەمە هیچ خۆ هەموو ئەو کوڕانەی بەپارەی کرێکاری
ملوانکەی ناسکیان بۆ خۆشەویستیەکانیان کڕی تەنیا و
دڵشکاو مانەوە ساڵێك دواتر زستان بوو هەموو ڕۆژەکان
دووبارە بوون و زستان بوو هەستامەوە لەژێر قادرمەکان
لەگەڵ کرێکاری کردنا زۆر ماندو بوبوم چەکوشەکەم
هەڵگرت و ویستم کۆتا بزمار داکوتم و نەجاتم ببێت ئەما
ئەوەش لەخەیاڵمابو ئەو ماندوبونەم ئیسراحەتێکی وای
نیە و بەیانیش ئەبێ بەهەمان شێواز لەژێر بارانا خەریکی
کرێکاری بم و جەستەی ماندوم ئیسراحەتێك بەخۆیە
نەبینێت لەم خەیالانەیا بوم و چەکوشەکەم کێشا
بەپەنجەما خوێن دڵۆپ دڵۆپ لێم ئەڕۆی و بارانیش
ئەیسڕیەوە، خەیاڵی بەیانی مێشکی خواردبووم دەمزانی
بەیانی هیچی باش ڕوونادات یان هەواڵی مەرگی خاڵت
ئەبیسی، یان خەتێکی ڕەش بەسەر وێنەی ئازیزێکت دا
ڕات دەچڵەکێنێ بەیانی هیچ شتێکی باش روونادا،

یان تاڵێکی سپی لەقژی دایکما پەیدا دەبێت، یان بەردێکی تر لەگورچیلەی باوکما درووست دەبێت، بەیانی بیانووی تازەتر هەیە بۆ دڵتەنگی ڕەنگە ڕەشەبایەك گووڵ بە باخچەکانەوە نەهێڵێ بەیانی هیچی باش ڕوونادا

ئەوینی تۆ لە دڵی خۆشەویستەکەت کاڵ دەبێتەوە دواجار ئەویش بیرلە باوەشی کەسیتر دەکاتەوە بەیانی هیچ شتێکی باش ڕوونادات ، سبەی بەتەنیا دەمێنیتەوە بەتەنیا چایەکەی بەردەمت سارد دەبێتەوە بەتەنیا دادەنیشی سەیری تێپەڕبوونی ماشێنەکان دەکەی بەسەر شەقامە ماندووەکانی شاردا بەیانی بڕیار نیە هیچ شتێکی باش ڕووبدا بەیانی لەژێر قادرمە بەدەم جگەرە کێشانەوە بیردەکەیتەوە نەبوویتە هیچ، نە خوێڕی نە کاسب نە خێزاندار خۆشت نازانیت چیت و بۆچی هاتوویت ، من نەبوومە هاورێێ زۆر نزیکی هیچ کەسێك نەبوومە خەونی هیچ کەسێك خۆشی بوێم نەبوومە بژاردەی یەکەم یان تاکە بژاردەی هیچ کەسێك تەنها بۆ جارێکیش بێت هەمیشە ئەو کەسە بووم کە ماوەیەك هەیە و دواتر

نامینێت و لەبیر دەکرێت، باوەڕم پێبکە ئەم نیشتمانە

هەمووومانی لەژێر قادرمەکان کوشت!

دەیانوت : تاهەوڵ نەدەیت نابیت بەهیچ ئەوەتا هەموو

هەوڵی خۆمدا و بوومە هیچ و گەشتم بەهیچ

لەو ژیانە لەیچ زیاتر هیچمان بۆ نەمایەوە

ئیتردادەنیشین تا زەمەن ئەو دڵتەنگیە تەواودەکات

ئەگەر ئەم دڵتەنگیە تەواو بوو

یادگاری ئەو ڕۆژانە بیر خۆمان دەهێنینەوە

کە لە کۆڵانی پشتەوەی فێرگە

لەسێبەری ماشێنی مامۆستای بیرکاری سیگارمان ئەکێشا

و پیتی یەکەمی کچە جوانەکانی پۆلەکەمان لەسەر

دیواری قوتابخانە دەنووسی

ئەگەر ئەم پرسەیە تەواو بوو

ئەگەر ئەم جلە ڕەشانەمانەمان لەبەری خۆمان داکەند

بەدوای هاوڕێ کۆنەکانمان دەگەڕێین

دەڕۆین پایسکلەکانمان بۆیە دەکەینەوە

ئالآی بەڕازیلی پیا هەڵدەواسین

بەکۆڵانی کچانی هاوتەمەنی خۆمان دادەڕۆین

ئەگەر ئەم برینە سارێژ بوو ، داوا لە خوا دەکەین

جارێکی دی گەورە نەبینەوە

جارێکی تر !

ئەم دڵشکانەی گەورەبوون نەیەتەوە سەر ڕێمان

ئاخر گەورەبوون پڕی کردین لە برین

گەورەبـوون قیژە و هاواری نیوەشەو بوو

لەخەوی خۆش هەڵیستاندین

دواجار گەورەبوون هیچ نەبوو

جگەلە هێڵنجێکی ناشرین

کەبەدرێژایی ئەوهەموو ساڵە

پێکەنینی منداڵی لە قورگ هێنایەنەوە

گەورە بوون ئەو تابلۆیە نەبوو بە منداڵی نەخشاندمان

خۆ لەبەر داری مامۆستا نەبوایە هەرگیز ئاواتم بە گەورەبوون نەدەخواست،،

دەمەوێت ببمەوە ئەو منداڵەی مێرولەکانی ئەبینی شەکری پێ ئەدا ئەیوت ئەمانە برسین ئەو منداڵە من بووم ئەزانی بەڵام ئێستا وەك منداڵی نیم ئەزانی دڵێکی باشم نیە، یەکتۆز خۆشەویستی کەدڵما نیە، هەمووکات بیرم ئەکردەوە ئەموت بەڕاستی مرۆڤ ئەبێت ڕۆحی بڕواتە، ئاسمان ئەوکات بمرێت ؟

بەڵام ئێستا تێگەشتم ئەو مرۆڤانەی دڵیان ساردە ڕۆژێ هەزارجار دەمرن، ئیدی ژیانە....

ئێمە لەو دەمەوەی پەنجەکان ولەپی دەستمان گەوربوون، دونیا لە دیدمانەوە بچووك تر بوو، جێگاکانمان تەنگ تر

بوون، هەر وەختێ گەورەتر دەبووین، دونیا بەجۆرێکی تر

زەنگین دەبوو، لێ بە ئاسکێکی قاچ شکاو چی ،

بەرزی شاخ و چیاکان بە گۆمێکی وشك بوو چی ،

زەردەپەڕی ئێواران بە بولبولێکی دەنگ خۆش چی کە

خۆری سپێدە بەر شوڵی قەفەزەکەی دەکەوێت ،

گەورەبین لەژیان دەگەین لە کونجێکی دڵمان ،

دەست بەسەر دەیەها یادەوەری جێماو دادێنین ،

ئازاریش دەکێشین و دەشگرین لەپشت وێنەی

ئازیزێکمانەوە، لە ڕوکنێکی ژوورەکەماندا، چەند

سڵاوێکی گەرم و یەك دوو نامەی ڕەنگ زەردبوو ،

لەپشت سەرمان دەشارینەوە دەنووین و لە خەونەکانماندا

ڕۆڵی غەمگین ترین کارەکتەر دەگێڕین، ژیانێکی زەلیل بەڕێ

دەکەین، عادەت دەگرین بەوەی کە لە هەرلە گەورە

بوونمانەوە تا پیر بوون ' هەزارجار دەمرین '

ماوەیەك تێپەری لەگەڵ زمناکۆ لە چایەخانە کۆنەکەی

گەڕەك دانشتبووین لەبەر دەممان پوڵی دۆمینە هەبوو،

من دۆمینە نازانم، بەڵام ئەمویست پولی دۆمینەکان بخەم

سەریەک و خانوویەکی پێ درووست بکەم، هەر خەریک بووم

و هەر ئەڕما لەوکاتەیا برادەرەکەم لەپەنامەوە کە لەبری من

ئەو بێزار ببو  و وتی:

کاکە تۆ دەستەلەرزێ هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و لەبەر

خۆمەوە وتم:

نا واهەستەکەم ئەم ژیانە بە پولی دۆمینەش ماڵێک بە ئێمە

ڕەوانابینێ ئەو کە لەقسەکەم تێنەگەیشت وتی:

چییی وتم: هیچ ڕاستەکەی دەستم ئەلەرزێ درووست نابێ

خەریکی چا خواردنەوە بووم لە چایخانەکە لەناکاو تۆم

بیرهاتەوە و فرمێسک لە چاوم هاتە خوارەوە زمناکۆ وتی:

چیبووە ؟ وتم: ' ئایی چەند گەرم بوو،، '

پیرەپیاوێک هەبوو لە گوزەرەکە زۆرجار دادەنیشتم لەلای زۆر قسەی بۆدەکردم و ئامۆژگاری دەکردم زۆرجار دەیوت :

تەمەن غەدری لێکردووم خەمەکانم پیریان کردم نەک ساڵەکان

هەستم دەکرد ئەم پیاوە ئەشق پیری کردبێت وەک باپیرم کەتووشی زەهایمەر بوبوو هەمووانی بەناوی داپیرم بانگ دەکرد یادەوەری دڵ زۆر بەهێزە بیرمە قەدەرێک داپیرم تورە بوبوو لەباپیرم لەبەر ئەوەی چووبوە پرسەی ئەو ژنە بە تەمەنەی کاتی خۆی باپیرم خۆشی دەویست لای ئەوان ئەوە خۆشبەختی بوو پێناسەی خۆشبەختی لای هەرکەسێک شتێکە چارلی چاپلینی گەورە ئەڵێ :

خۆشبەختی مەودای نێوان دوو بەد بەختیە ئەوکاتەی، کە بەدبەخت نیت دەی خۆشبەختی خۆشبەخت بووین و قەدریشمان نەزانی دەی ئێستا بیکێشە و بیچێژە تا ماسیەکە لە ئاوەکە نەهێنیتە دەرەوە ئەسڵەن نازانێ ئاو چیە کەدەرت هێنا و دەستی کرد بە باڵە فڕە

تازە ئەزانێ ئاو چیە،

من له شاره غه‌ریبه‌كه‌ی خۆم ده‌ستم خستبووه گیرفانم و

سه‌رم نزم كردبو ڕۆشتنی هه‌نگاوه‌كان و، ڕۆژه‌كانم ده‌ژمێرم

له ڕابردوو هه‌ڵێم و له داهاتوو ده‌ترسێم نازانم به‌ره‌و كوێوه

ئه‌چم یاخود كام ڕوبار به‌ره‌و ده‌ریا ده‌مبات

نازانم تاكوو كه‌ی هه‌ناسه هه‌ڵده‌كێشم و به‌ڕواڵه‌ت زیندوم

نازانم تاكوو كه‌ی خۆزگه‌كان له‌دڵما ئه‌كوژم..

من له خه‌یاڵدا ده‌ژیم، له چاوه‌ڕوانی خه‌ونه‌كانم گه‌وره ئه‌بم

له‌بیره‌وه‌ریدا پێده‌كه‌نم، له سبه‌یدا له‌دایک ده‌بم

به‌ڵام من له‌یادم نیه و نازانم خه‌یاڵ و خه‌ون و بیره‌وه‌ریه‌كانم

له‌كوێ نوسراون، ڕۆژێک دێت كه ژیانم ئه‌وه‌نده تاڵ ده‌بێت،

كه‌هیچ حه‌زێک به‌ره‌و خۆی نامكێشێ، و هیچ ویستێک له دڵ و

مێشكمدا ناجوڵێ، من له‌گه‌ڵ ئه‌م ژیانه ڕانه‌هاتووم

ته‌نیایی له‌كۆنه‌وه هاوڕێم بوو به‌ڵام من لێێ زووير بوم و

كۆڵان به‌كۆڵان ڕامده‌كرد لێی، ئه‌ما بێسوود بێسوود بوو

هه‌ر ڕێگایه‌ک بۆی ده‌ڕۆشتم پێش خۆم له‌ووێ بوو

مرۆڤێک کە خۆی تەنیایە و مرۆڤێک کە تەنیای دەکەن زۆر جیاوازە...

گرینگ نیە ئێستا لەهەر کوێیەکی ئەم دونیایەدا بیت

لەشارێکی غەریبی بیت، یان نیشتیمانێکی بێ ناونیشان

یاخود لە نەهۆمی سێزدەهەمی باڵەخانەیەکی کۆندا ژیان بکەی

گرینگ نیە چەند ساڵ دوور بیت و چەند سەدە بێدەنگ بیت حەوسەڵەی هیچ شتێکت نەمابێ،

بەجۆرێک گۆڕابیت ئیتر لەچاوی کەسدا نەناسرێیەوە.

مادەم کەسێک هەیە بیرت ئەکا

کەسێک هەیە بەتەنها ئەچێتەوە سەر ئەو شەقامانەی

تۆ پێیدا ڕۆشتی، لە ئینجانەی ماڵەکەیدا ئەو گوڵانە ئەڕوێنێ

کەتۆ بەلاتەوە جوان بوون، ئەو خواردنانە ئەخوات ،

کە تۆ ئارەزووت ئەکردن، شەوانە کە ئەخەوێ ،

ئەو شوشە عەترانە لەپشت سەریەوەن ،

کەبەلای تۆوە بۆنیان خۆشبوو، کەسێک هەیە هێشتا

لە ژورەکەیدا گوێ لەو گۆرانیانە ئەگرێ، کەتۆ ئارەزووت دەکرد

دەیان جار بەدیار فلیمێکەوە دا ئەنیشێت، کەتۆ ڕۆژانێک ،

لەلای هاوڕێکانت باست کردبوو، مادەم هێشتا کەسێک هەیە

بەهۆی تۆوە دنیای لەلا جوان بووە، رۆژەکانی بە ئومێدەوە

بەڕێدەکات، ئەمە واتای هێشتا تۆ تەنیا نیت ،

تەنیایی واتا مرۆڤ لەیادەوەری هیچ کەسێکدا بوونی نەبێت ،

لەگەڵ ڕانەهاتن بەم تەنیایە و قبوڵ نەکردنی ئەو ڕاستیەی

کەتۆ ئیتر نیت، وردە وردە دەگەمە کۆتایی ڕێگەکە و لەبیرخۆمی

دەبەمەوە کەمن بۆچی تۆم نیە، لەوساتەوە لە ڕۆژمێرەکەی

تەمەنی مندا، هەفتە ئەبێتە حەوت ڕۆژ و ساڵێک بێتۆیی،،

من ئێستا وەک پەرەسێلکەیەکی تەنیام ساڵی یەک جار

دەگەڕێمەوە، بۆ درووست کردنی هێلانە نا بۆ سەیر کردنی نامە

و وێنەکانی تۆ بۆ بینینی سێبەرەکەت بەسەر شۆستە،

بێڕەنگەکانی ئەم شارەوە، من گوڵی نێرگزی سەر گۆری ئازیزێکی تۆم ساڵی یەکجار گوڵی سپیت بۆ دەگرم ،

نازانم ساڵی چەند جار منت بیر دێتەوە، و ساڵی چەندجار خۆشتدەوێم ،،

لە ڕێگا، دەڕۆشتم کە دەمزانی تۆ لەو شارەنیت وەک ئەو منداڵەی پێڵاو بۆیاغ دەکات سەرم بۆ بینینی کەس هەڵنەدەبڕی ئێوارانێت بەدوای ئەو پیاوە پیرە تەمەن ٧٠ ساڵانە دەگەڕام کە جگەرەکەی دادەگیرساند و گۆرانی چاوشی لێدەدا کە دەیگوت " آن زمان کە خبر مرگ مرا می شنوی" کە دەگیشتە ئەم کۆپلەیە فرمێسك لە چاوانی قتیس دەماو لە لابەلای روومەتە چرچ و لۆچەکانی دەهاتە خوارەوە، هەفتەی پێشوو کە لەوێ وە تێپەریم پیرەپیاوەکە لەوێ، نەمابوو بەدوای دا گەرام ، وتم لەوانەیە لە شوێنکی تری ئەم شارە بێت، بەڵام نەبوو

لە خەڵکی ئەو ناوچەیەم پرسی وتیان هەواڵی مەرگی ئەو بە گوێیەکانی گەیشتوە خۆی کوشتوە...خۆکۆشتن لە

تەمەنی حەفتا ساڵی ئەزانی واتای چی ؟ عشق ئەوەندە هێزی هەیە کە تەمەن و ساڵ بۆی گرنگ نیە پاش ماوەیەك هەموو ئەویان لەیاد کرد بەڵام خۆشیان لەیاد چوونەوە، یارەبی دەبێت ئێستا چەند دڵی تەنگ بێت لەم گۆڕەدا ؟

ئەو و زۆری وەك ئەو، وەك مشتێك  گەنم بەناو بەردەڵانەکانی زەمەن دا پەرت بوون، مێژوو هێندە سەریان بە تاوێرەکانی پەشیمانیدا کێشان ئێستا کەس نایان ناساتێتەوە، غەرقی دووکەڵی گوندە سوتاوەکان بوون لەو دوورەوە تەنها فرمێسکەکانیان دیارە وەك یاقوود دەدەورشێنەوە ئەوەی لەدوایان بەجێماوە، تەنها خۆڵەمێش و یادگاریەکانە، بەڵام گەر لەیادیشی بکەن ئەو جوان بوو برژانگەکانی بەدەوری چاوەکانیدا ئەتوت حەجاجەکانن و دەوری کەحبەیان داوە، دیسان شەو داهاتبوو بەناچاری دڵی خۆم بەو شتانە دەداوە کە وەك میرات بلەدوای بۆت بەجێماون  بەبێ ویستی خۆم لەسەر

جێگاکەم هەڵستام و سەیری ئاسمانم کرد وتم "یادی بەخێر جاران ئەو ئەستێرانە هەمووی هی ئێمەبوون"

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکردەوە کە بەرلەوەی تۆ بناسم و تۆم خۆشبووێ ، ژیانی پێش تۆم باش لەیاد نیە، بەڵام هەموو کێشەیەك چارەسەرێکی جیاوزی هەبوو، بەڵام دوای تۆ هەموو کێشەیەکی جیاواز چارەسەرەکەی تۆ بووی، بەرلەوەی تۆم خۆشبوێت شەوانە بەتەنیا لە شەقامەکان پیاسەم دەکردو لەسەر حارەبانەکان بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیەکی کۆنەوە چایەم دەخواردەوە و خەیاڵی دەست جێت ,لەملانەی کیژۆڵەیەك بۆلای خۆی دەیبردمەوە ، دوای هێشتم ئێستا ڕقم لە پیاسەی شەوانی شەقامەکان و چایی سەر حارەبانەکان و گۆرانیە کۆنەکانە ئەرێ ئازیزم ئێستا من پیاوێکی گرینۆکم لەجێی پیاسەو و چایەی سەر حارەبانەکان و گۆرانیە کۆنەکان لە قوژبنێکی ژورەکەم سەر دەخەمە سەر ئەژنۆم و دەڵێم " گوڵێ مەچۆ مەچۆ "

سەرم خستە سەر سەرینەکەم و سەقفەکە بووە شانۆی یادگاری ئەو ڕۆژەی بەرلەوەی بچمە جەنگ پێموتی :

کێ دەڵێ دەتبینمەوە ؟

دەترسم موشەکێك بەرمان بکەوێ و هەپرون هەپرونمان بکا، دەترسم یەك تنۆك قوڕ لەدەمی چۆلەکەیەك بکەوێت قیامەت هەستێت، دەترسم بکوژرێم و جارێکی تر هێلانە قەتێیەك نەبینمەوە لەناو وەڕدێکاو فریانەکەوم بڵێم:

" ئەو جلە ڕەشانەت زۆر لێدێت "

بەلآم تازە خۆ شتەکە بووە ئەستەم ، من و تۆ

لەخاڵێکی ئەم ژیانە ببین بە ئێمە !

دانشتبووم و بەناو نامەکانیدا دێڕ بە دێڕ، بەدوای تۆدا دەگەڕێم لەوانەیە بڵێن کۆلآن بەکۆلآن بگەرێی باشترە، بەلآم.. هێندە لێم ونی بە ئەستەم لەدێڕەکانیش ئەتدۆزمەوە ،، چاکەتەکەم بە قەروێڵەکەم هەڵواسیوە دەزانی من ئەو چاکەتەم زۆر خۆشدەوێت چوونکە جارێکیان

لەگەڵ خۆتا تۆ دەستی منیشت تێیدا گووشی، ئەوانە لەیاد کردنیان دەوێت لەیاد کردن هونەرە ومن بێ هونەر ترین مەخلوقی دنیام، نازانم هیچکات بەسەرت هاتووە، بچیتە هەمان شوێن و بەڵام ئیتر هەمان  شوێن نەبێت گوێ لەهەمان گۆرانی بگریت بەڵام هەمان گۆرانی نەبێت،

ئەسڵەن بەخەیاڵیشت دەهات، هەمان کەس ئیتر هەمان کەس نەبێت !؟ من بیرمە کاتێك بە منداڵی من و تۆ ژیژکێکمان هەبوو من غیرەم لەو ژیژکە دەکرد چوونکە دایم لەدەستت بوو قور بەسەرم ئێستا کەسێکی تر دەستی دەگرێت، من بیرمە خەدیجە هەر سەیری ئاسمانی دەکرد وەك ئەوەی بڵی: هەموو شتەکانی سەر زەوی پووچن شەوێکیان وتی: بابچین بۆ ئاسمان

وتم: ئاخر ئێمە باڵمان نیە، گوڵەگیان

وتی: ئاسمان خۆشە، کەسی لێنیە هەر خوای لێیە

'خوا گوڵەکانی خۆشدەوێت '

دواتر چاوەکانی بڕیە چاوەکانم وتی:

پێکەوە درووستی دەکەین،

ئای چ چێژێکی هەبوو ئەو پێکەوەیە تەنانەت ئەگەر پێکەوە هیچ شتێکیشمان درووست نەکردبایە، تەنانەت هەموو سەروەت و سامانەکەشم بەبا چووبا، ئەو هەستەی بۆ وشەی ' پێکەوە ' بۆ هیچ شتێکی ئەو دونیایەم ئاڵوگۆڕ نەدەکرد، کەسێك کە تەنیایی درك پێکردبێت لەو هەستەی ئەوسام درك پێدەکات

بەڵام ئێستا بەخۆم دەڵێم دیارە جێگاکەم بەباشی پڕ کراوەتەوە ئەگینا دەبوو لێرە بایە،ئێستا ئەو ئەوەندە بێ ئاگایە لێم ئەگەر بڵێم باشم باوەڕدەکات، ئیتر لەبێخەبەری ئەو دڵم خورپە ناکات چوونکە دەزانم لای ئەوە، زمناکۆ ڕاستی وت کە وتی: ئێستا ڕوخسارە جوانکەی بۆتە ملوانکە لەملی کەسێکی تردا،، لەو دنیا دوو کەسیەی ئێمەدا نازانم ئەوکەسە لەکوێ پەیدا بوو،، نازانم ئەوکەسە بۆ ئەوها بێ ڕەحم بوو تۆی لێبردم و نەیداوە

ئیتفۆنەکەم کردە گوێم دیسان گوێم لەو گۆرانیەی ئەژدەر گرت دەڵێت " تۆ بۆچی دەنگت نیە تۆ بۆچی ڕەنگت نیە "

من ئەوەندە حەزم بەدەنگی بوو ئەموت:

ڕۆژێك پەتێك بەناو دەنگت ئەهێنم و لەملی دەکەم

ئەوەی جارێکی تر گوێم لەدەنگت نابێتەوە ناخۆشترە

لەوەی کە جارێکی تر قسەت لەگەڵ ناکەم،

حەزم دەکرد کاتێك قسە دەکەیت دەنگت ماچ بکەم

بەڵام ئێستا ئەو برینانە ماچ دەکەم چوونکە تاکەشتن

دوای خۆت بۆمنت جێهێشتووە، نازانم تۆ ج کفنێکت

پۆشیوە و چ ڕێگایەك ونی کردووی کە ئاوڕێك نادەیتەوە

منت جێهێشتووە ، ئەو شەوەشم لەبیرە کە،

من لەتەنیشتی دانشتبووم ، بینیم

لەسەر تەنهایی شتی دەنووسی وابزانم بخەوم،ئێستا

وەك جاران نیە ئەگەر بمەوێت بیبینم دەبێت بچم بخەوم

ئەمشەویش ئەو نامەیەی من چاوەڕێیم نایەت" !

بەڵام من وەك هەنجیر هەندێك نامە و قسەی تۆم وشك کردۆتەوە بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت !

وانزیك چواری بەیانی دەبێتەوە بەدیار گۆرانیەکی زەکەریا کەدەڵێت : هەر یادت ماوە

جگەرە دەکێشم و بیرلەتۆ دەکەمەوە لە کاتێکدا

تۆ لایلایە بۆ منداڵێك دەکەیت، کە لەمن نیە

دەبوو هی ئێمە با، منیش لەناو تاریکی دام و تۆ لێرە نیت

کە دەبوو لەلام بایت ، وەك تەنیاترین پیاو پێت دەڵێم:

غەریبیت دەکەم هەروەك چۆن غەریبت کردم ،

تۆ لەمنداڵێکی میوانی دەچووی هاتی ژورەکەمت تێکدا و ڕۆشتی، لە خەو دەچووی لە پڕێك هاتی و تەواو بووی، بەس تۆ چوزانی عاڵی من چۆنە،

تۆ چوزانی چەند جار لەگەڵ کاتژمێردا، شەومان بە ڕۆژ کردۆتەوە، تۆ چوزانی چەند جار بیرم لەتۆ کردۆتەوە

تۆ چوزانی،چەند جار خەیاڵ تۆی هێناوە و تۆشی بردۆتەوە

ئەو کاتانەی قەت بیرت لای من نەبووە، تۆ چوزانی

چــەنــدجار دەســتــتــم گرتــوو

چەندجار لەگەڵم دانشتووی تۆ چوزانی

درەختی سەوز نرخی باران دەزانێت

تۆ کــەوشکی نرخی باران چوزانیت

تۆ چوزانی دڵتەنگی چیە کەتا ئێستا

ڕووی سەرینەکەت نەگۆڕیبێت لەبەر فرمێسك

تۆ چوزانی، کەبێ دەنگی شکا

ئیتر ئاسمان رەنگی  ساماڵی نامێنێ

دیوارەکان ئەروخین و پەناگایەك نامینێ

تەنانەت ئیدی خەیاڵە بەدی نەهاتووەکانیش

فتوای حەرامیان لەسەر ئەدرێ

بەیانیەکی پایز هەڵستامەوە لەخەو و لە حەوشەی ماڵی

خۆمان سەیری دیمەنی پایزم دەکرد بەدەم گوێ گرتن لە

گۆرانیەکانی هایدە بیرم دەکردەوە و لە خەیاڵما دەموت مرۆڤ دەوای سەرکەوتن بەسەر سەد بەرزایی

بە شنەبایەك، غلۆر دەبێتە خوارەوە دەشکێت و لەناو دەچێت و دەبێت بە خەڵووز و باڵ دەدات بەخۆی و تەی دەکات دەفڕێت، لەپڕ بەر سینەی بەر زەوی دەکەوێت و پەڕ پەڕ دەبێت لە گێژاوی دونیادا هەروەکوو سەرخۆشێك بەدەوری خۆییدا دەخولێتەوە پێکی دەستی لەگەڵ ژیان لێ دەداتەوە بونەورێکی برسی و خاڵی لە هەموو شتێك بە یەخەی زەویەوە نووساوە بۆنی سروشتێکی بۆگەنی لە گەردەنی زەوی ئالاندووە، کڕۆکی غەمگینی لەناودا هەڵدەقوڵێت و پڕوشکی ئازاری لێدەردەچێت و دەبێت بە برین و بەسەر جەستەی قەدماغە دەکات بۆیە من دەڵێم : 'مرۆڤ کائینێکی غەمگینە ' ئەمەش بە نەگۆڕی دەمێنێت بە نامەی زمناکۆ، بە ئاگا هاتمەوە کە دەیوت :

دەبێت سەردانم بکەیت لە ماڵی خۆمان و بچین پیاسەیەکی شار بکەین لەنێو پاسدا بووم هیتفۆنەکەم

لەگوێ دابوو، سەرم خستبووە سەر جامی پاسەکە

خستبوومە سەر ئەو گۆرانیەی هایدە کە دەڵێت

' ئەی خودا ئیتر دونیا بۆمن تاریکە '

تەمەشام دەکرد ئاسمان هەورە چڵکەکانی لە ئامێز گرتووە، بارانێکی هێدیش خۆی بە زەوی دادەدات و نم نم دەکەوێتە سەر جامی پاسەکەو بارانێکی ساردیش بە شووشەکەیدا دادەچۆڕێ وا خەریکم دەگەم بەو کۆڵانەی یادگاریمان لێی هەبوو تا ملم قرچەی دێت ئاوڕ بۆ ئەوێ دەدەمەوە لەگەڵ یادەوەری ئەو شەوانەی لە سەربانی خانووە چۆڵەکەی ئەو سەری کۆڵان ژوانمان دەبەست بەدیار چاوەکانتەوە، سەرگوزشتەی سەد ژانم دەگێڕایەوە

لەبیرمە ڕەشی چاوەکانت لە ڕەشی ئاسمان و روناکی مانگ،

ئەچوو، هێشتاش هەموو ئەو مۆسیقایانەی لەو شەوانەدا

بۆ ئاراميمان ئەتخستە سەر لەبیرمە،بەڵام بۆمن جوانترین مۆسیقا تێکەڵەیەك بوو لە

”دەنگی تۆ و چریکەی ئاسمان و شنەباکان“

هەموو ئەو چیرۆکانەی لەژێر ساپیتەی ئاسماندا

لەنێو ئامێزتدا بۆت ئەگێڕامەوە لەبیرمە، لەبیرمە سەرم

ئەخستە سەرباسکت، چیرۆکی ئەستێرەکانت بۆباسدەکردم

لەنێویاندا 'دوو ئەستێرە' بێ نازەکە، چیرۆکە دڵخوازەکەی

هەردووکمان بوو، کە تێیدا باسی ئێمەی دەکرد

لەبیرمە شەوێکیان پێت گوتم؛

سەیری کۆتایی ئاسمان بکە

چاوەکانم کز کردەوە،

دەی مەگەر کوا ئاسمان کۆتایی هەیە-

فەرمووت؛ کەوایە ئەوەندە خۆشمدەوێی

”لێرەش و لەو کۆتاییەی ئاسمانیشدا جێت ناهێڵم“

!بەڵام ڕاستت نەگوت

ئەوەتام بەتاقی تەنیا لەم سەربانە و سەرمای بێ تۆیی تەزاندوومی، سەیری کۆتایی ئاسمان دەکەم و ناتبینم

ئاخر کوا لەنێو کۆتایی چیرۆکەکەی ئێمەدا باسی ئەوە یەکێك لە ئەستێرە بێ نازەکان خۆی ئەکوژێ ,کرابوو

لەپڕ بە ئاگا هاتمەوە هەێشتا لەسەر گوشنی تاکە کەسی پاسەکەدا دانشتووم زەینم دەچێتەوە سەرگۆرانیەکەی هایدە دەڵێ ' ئەوە منم کە لەهەموو شوێنێك بەجێ ماوم'

پیرە پیاوێك سواری پاسەکە بوو منیش هەستامەوە و جێگاکەی خۆم بۆی چۆڵ کردو بە پێوە لەناو پاسەکەدا وەستام نازانم ئەو هەستەت بۆ دروست بووە هەتاوەکی دەگەیتە وێستگەی کۆتایی لەخۆتەوە واهەست ئەکەی زیادەیت و بارگرانی, من یەکێکم لەو کەسانەی زیادەم و ناچارم بەپێووە بوەستم, زیادە لەناو پاسەکە, زیادە لەسەر شەقامەکان, لەوە بێزار بووم زیادە و تەنها بم, بێزار لەوەی بەپێووە بوەستم, هاتمە ژیانی تـۆوە, وەلێ کردارەکانت پێیان وتم لە ژیانی تـۆشدا زیادەم، شتێك زۆر لێی دەترسم

ئەوەیە، ببمە بار بەسەر کەسێکەوە، بچمە سەردانی
کەسانێك ئەوان چاوەڕێی ڕۆشتنم بکەن، یان قسە لەگەڵ
کەسێك بکەم ئەو چاوەڕێی تەواوبوونی قسەکانم بکا،

گەشتمە ماڵی زمناکۆ و لە باخچەی ماڵیان دانشتبوین

بینیم خەریکی وێنە کێشانە و وێنەیەکی جوانی کێشابوو

وتم: زمناکۆ بۆ نابیت بە وێنەکێش و وێنەی پەری بکێشی

پێکەنی بە دەنگێکی نزم وتی:

من ئەگەر بەیانی ببم بە وێنەکێش، لە تابلۆیەکی بچوك

دەستەکانی دەبن بە سەربانی ماڵەکەمان، قژی دەبێت بە
دارمێوی حەوشەکەمان، سێبەرەکەی دەبێت

بە گۆرانی ئێوارانی دڵتەنگییمان

چاوەکانی، ئاخ .. چاوەکانی، ڕەنگە نەتوانم

ئەوەندە بەهێزبم و وا بەئاسانی وێنەیان بکێش

ئەگەر، بڕیارە من بەیانی ببم بە وێنەکێش، پێدەچێت

دوور لە چاوەکانی تۆ، یەکێك لە تابلۆکانی ئێرە بەتاریکی بمێنێتەوە ئێمە چەند بێکەسین، هەر بەتەنها لە تابلۆکاندا، نا لە دوورترین کۆڵانی شاریش

دوور لە چاوەکانی تۆ، ماڵی ئێمە، بەبێ ڕووناکی مایەوە

قسەکانم پێی بڕی وتم: دەی بچین پیاسەیەك بکەین و بچینە قاوەخانەیەك، لە کافیێیەك دانشتووین لەگەڵ ئەو دۆستەی لە منداڵیەوە پێکەوەین، ئەو هەمیشە بزە لەسەر لێویەتی ئەگەر هیچ شتێکی باش و خۆشیش ڕووینەدابێت ڕەنگە وا ئافراندرابێ بەوجۆرەبێ ، ڕەنگیشە خۆی واڕاهێنابێت بەوجۆرەبێت. بەردەوام بەزمانێکی پاراو و نەرم و لەسەرخۆ قسەدەکا و هیچ خێراکردنێك لەقسەکردندا ناکات. دانیشتووین و لەلای یەکتر نین ، دانیشتووین بۆ دوو سوچی خاڵی کافیێیەکە دەڕوانین کەپێشتر لێی بووین لەگەڵ کەسێکی تر بەڵام ئیدی ئەو سووچە بوەتە کابووس لەزەینمانا ، بوەتە کەسەر ، بوەتە ژەهری مار و قوزەڵقورت دانیشتووین و ئارامین ، کەس ئەو

تەنیاییەی ئێمە ناشێوێنێ. ئێوارەیە و لەو کافێیەدا ، دەنگی کزی گۆرانییێک دێت ، وابزانم عەدنان کەریمە و دەڵێت : ' نیوە شەوە و کەی دێیتەوە کزەی جەرگم ؟ تاریکی شەو بۆتە مەرگم' بەڵام ئیدی ئەو نەهاتەوە و تاریکی شەو وەک میراتێک بووبە مەرگم لە ڕێگا لەگەڵ زمناکۆ پیاسەم دەکرد مەگەر پایز خەمی ئێمە بزانێت نیوەشەو گەڕامەوە ماڵ دانشتبووم ئەوەم بیر خۆم دەهێنایەوەجاران کە منداڵ بووم لە ناوەندی حەوشەکەمانا ڕائەوەستام، سەیری ئاسمانم دەکرد بە جۆرێك ملم ئازاری دەبوو،

دوور دوور دەمڕوانی دواتر وەك بێشکە ،

ئەملا و ئەولام دەکرد ئاسمانیش لەگەڵم دەجولا

دەم گوت ئەها دەتوانم ئاسمان بجوڵێنم

ئەبڵەق دەبووم بە دیاری و دەمم بەش دەکردەوە

پێکەنینێکم دەگرت کە تا گەرووم بەدیار دەکەوت

خۆ ئێستاش هەمان کردە دەکەم

ئێستاش تا ملم قرچەی دێ سەیری ئاسمان دەکەم

..لــێ ئێستا و ئێستاش ئەو هەستەی ئەوسام نابێتەوە

ئاخر ئیدی تێگەشتم ئەوسا ئاسمان لەگەڵم نەدەجوڵا

ئاسمان لەگەڵ من یاری نەئەکرد ئەو تەنها لەو سەرەوە

سەیری چکۆڵەییەکەی منی دەکرد کە هێندە بە

حەسرەتەوە جوڵە دەکەم، دەڵ تەنگ دەبوو بەوەی

دەیزانی کە گەورە بووم ئیدی ئەو پێکەنینەی بەڕوویدا

ناکەمەوە، دەیزانی ڕۆژێك گەورە دەبم و

تێدەگەم کە ئەو هەرگیز یاری لەگەڵ من نەکردبوو ،

ئێستاش من هەموو شتم لەبیرە، سەلیقەی تۆم لەبیرە

لەبیرمە حەزم بە هەموو ئەو شتانە بوو کە تۆ حەزت

پێیان بوو، ئەمویست هەموو ئەو شتانە بکەم کە تۆ

دەتکردن، لەبیرم دێ لە پۆلدا مامۆستا پرسی؛

هەر یەکەتان حەزتان بە چ شتێکی زستانە؟

داریوش وتی کاتی بارینی بەفر.. شاری وتی شەرە بەفر.. فاطمە وتی هیچ شتێکی، ئارین وتی ساردی زستان.. ئێلا وتی دروست کردنی بووکە بەفرینە.. من وتم دەنگی بەفر.. تۆ وتت ئەو دەمانەی خەوم لێدەکەوێ لە ناوەڕاستی شەوێکی بەفری دایکم پێخەفێکیترم پێدادەدات ،

ئەمزانی تۆ شتێك ئەڵێی هاوشێوەی ئەوانیتر نییە، تۆ جیاواز بووی، ئەو کاتە بیرم لەوە دەکردەوە کە دەوڵەمەند بیت، بەفر دەبێتە بیانوو بۆ کڕینی جلی تازە و ڕۆشتن بۆ یاری خلیسکێنەی سەربەفر، و چێژوەرگرتن لە ژیان

بەڵام خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێت کە، هەژاربیت و بەفر بباریێت

هەر لە بێکاربوونی باوکە کرێکارەکەت بگرە هەتاوەکو کوون تێ بوونی پێڵاوەکانت و دڵۆپە کردنی سەقفی خانووەکەتان ، ئەرێ بۆچی دەبێت پارە دیاری بکات بەفر حەزابە یاخود نیحمەت،،

بەس من ئازیز من هەموو شتم لەیادە، لەوانەیە ئێستا تۆ دەنگمت لەبیرکردبێت یاخود منت هەر بیر نەمابێت، ئەما

من هەموو شتم لەبیرە گوێ لەهەر گۆرانیەك دەگرم تۆم دێتەوە یاد هێشتا لەنەبوونت ڕانەهاتووم، مێشکم پڕبووە لەبیرکردنەوە لەمن و تۆ ئاخۆ دەگەشتین بەکوێ ئەگەر نەڕۆشتبای ،

هەرکاتێك هەبووی هەمووشتێك جوانبوو، ڕۆژانێك منیش کۆمەڵە ئازیزێکم هەبوو، بەڵام ئێستا من نمایشی بێ ئازیزی بۆ ئێوە دەکەم هەتاوەکو، قەدری ئازیزە کانتان بگرن

من هەموو شتم لەبیرە، ئەو دەمانەم لەبیرە ئەو ڕۆژانەم لەبیرمە کە لەگەڵ دایك و باوکمبووم باوکم :

باوکم چەقۆیەکی کول بوو، نەیدەتوانی پەنیرەکانی ناو دەستی دایکم ببڕێت

لەبەر ئەم هۆکارە و دوو، سێ هۆکاری تر، کە ناوترێ،

بەیانییەك دوای شەڕێکی دوورودرێژ، دایکم لەبری شەکر خوێی کردە چایەکانمانەوە، دایکم هەمیشە پەنجەرەیەکی تاریك بوو چونکە باوکم دووکانی مۆم فرۆشەکانی، پێنەدەزانی دایکەم بەچرای دەستی پیاوی دراوسێکانیش

ڕووناك نەدەبۆوە، باوكم گۆزەیەكی شكاو بوودایكم

بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە هەوڵی دا گوڵی تێدا بڕوێنێ،

ئێواران كاتێك باوكم لەسەر كار دەگەڕایەوە، درزەكانی

سەر دڵی لە هی ناو لەپی دەستی زیاتر بوون

دایكم لەتەنیشتی سێبەری ماندووی باوكمەوە

چاندنی گوڵەكانی بیردەچووەوە پینەی سەر كراسەكانی

ئێمەی لەبیردەكرد، دایكم تانكیەك ئاوی گەورەبوو

بەسەر فەرشەكانەوەبەدوای هێڵنجی منداڵەكاندا دەگەڕا،

بەسەر تەنافەكانەوە، بەدوای پەڵەی سەر جلوبەرگەكاندا

دەگەڕا دایكم هیچ نەبوو، هیچ لەكاتی كۆخە و پەسییو و

ڕشانەوەدا، تەنها تۆپەڵێك كلینیكسی سپی بوو،

خاولیەكی شینی چڵكن بوو، جوێنەكانی باوكم بۆنی

گۆڕەوی بوون لەماڵەكەدا كەسمان نەمان دەتوانی

بەئاسانی هەناسە بدەین،

گلەیی و بۆڵەبۆڵەکانی دایکم لەهیچ نا، لەشکانی قاپی فەخووری دەچوو

ژێر پێیەکانی هەمووومانی زامدار کردبوو

لە  زانکۆ کچێکم ناسی

لەبەر ژماردنی گریانەکانی دایکم نەمتوانی پێکەنینەکانی سەر لێوی ئەو کچە بژمێرم لەبەر ژماردنی شەقەکانی باوکم، نەمتوانی لەو دیووی پیاڵەیەك چای شیرینەوە، پەنجەکانی دەستی ئەو کچە بژمێرم من هەموو شتم لەبیرە ئازیزم، ئەو شەوانەم لەبیرە نیوەشەو لەکاتی تەلەفۆندا بە دەنگە ناخۆشەکەی خۆم گۆرانی

' ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا 'م بۆ دەگووتی بەڵام

من ئێستا ئەوەندە بەتاڵ و چۆڵم ،،

وەك ئەو ژوورەم پێڕێ پڕ بوو لە کەلوپەلەکانم ژینی لێ دەکرا، بۆنی گوڵاوی منی لێدەهات ڕازاوەو ناز پێدراو بوو، دیوارەکانیشم نەخشآندبوو

وەلێ ئەمڕۆ، بێ ناز بێ نازە، چۆڵ چۆڵە هەتا بۆنی منیشی لێ نایەت ئیدی

بەجۆرێك بە بەردانەوەی شتێکی بچووك، تەواوی ژوورەکە دەنگ دەداتەوە، میسلی دڵی من هێندە بریندارە توانای برینێکی نوێی نیە وەك کڵۆ خوێنێکی گەورە ئەتەقێتەوە

ئێستا من ئەوەندە چۆڵم پیام بکێشی دەنگ ئەدەمەوە،

من هەموو شتم لەبیرە، ئەگەر گومانت کرد کە بیرت ناکەم ئەوە بزانە هەندێك لە گومانەکان تاوانن! من بۆ هەمیشە بیرت ئەکەم.. من هیچ کات بەرگەی دووری تۆم نەگرتووە، ئێستاش بەهەمان شێوە بەرگەی ناگرم چونکە دوری تۆ گەورەترین بۆشایی خستە ناو ژیانی منەوە، گەورەترین ئێشی بەدونیای من ئاشناکر ' یادی تۆ هەر لە شوێنی خۆی دایە 'وەك زەکەریا دەڵێت (هەر یادت ماوە یادت ژیانە )گەر تۆ لەبیر خۆم ببەمەوە لەگەڵ یادگاریەکانتا چی بکەم ؟

تەنانەت وا تۆ و یادگاریەکانیشتم لەبیر خۆم بردەوە

پێمبڵێ: من لەگەڵ ئەو دڵە ماڵ وێران بووە چیبکەم ؟

دەزانیت ئازیز تۆ لەو گوڵە دەچیت، کە دایکم ئینجانەیەکی جوان جوانی بۆ دێنێت بە حوبەوە لەنێویدا دەیڕوێنێ، نەرم نەرم ئاوی دەدات و ئاگای لێدەبێت

لێ، گوڵە بەبیانووی خۆرەوە وشك دەبێت ،

ڕەگیشی توووند لەنێو گڵەکە چەقاندووە ،

عەینەین میسلی تۆ هاتیە دڵم و ڕەگی خۆت لەدڵم چەقاند و ڕۆشتی،،

لەسەر جێ خەوەکەم نیوە شەو بە دیار سەقفی ژوورەکەم

ئەبڵەق بووم، جار جارە ئەم لاو ئەولا دەکەم

تا وەختێ دەنگی موئەزینەکانی مزگەوتەکان دێت

ئەمن هەمیشە بەر لە ئەوان بەخەبەرم، ئەوان بۆ بانگ خەبەر دەبنەوە، ئەمن بۆ تۆ بێ باکانە بەخەبەرم بەر لە ئەوان ئەوان بانگ دەدەن و خەڵك بۆ بانگ خەبەردار دەکەن منیش بە دەنگێکی کز کز ئیلاهی خەبەرێك لە ئەو

بێ هاوار وناڵەی رۆحم دەگاتە ئاسمان و کەس گوێی لێ نیە، ڕاست گۆیانە بیڵێ لە خەونەکانتا، لەو جێگایەی کەهیچ شەرمێکت لەهیچ کەسێك نیە لەوێ کە ئیتر غرورت ناشکێندرێت، لەوێ کە ناچارنیت بۆ هیچ شتێك نواندن بکەیت لەوێ.. تەنانەت لەوێش خۆشت ناوێم ؟ زۆر ناخۆش بیرت ئەکەم ، بەڵام ناتوانم نامەت بۆ بنێرم ئەترسم لە خەیاڵی تۆدا نەبم و بێزارت بکەم ، ئیهمالم نەکردووی  تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەم هەلێکت بدەمێ بۆ ئەوەی بیرم بکەیت و نامەم بۆ بنێری

ئەمشەو خراپتر لە هەر شەوێکی تر نیگەران و تەنیام

نازانم بۆ وەلێ هەست دەکەم ژیان خەریکە بەر شەقی بێحورمەتی خۆیم ئەدا ئەو دێڕە حیزەش کە دەڵێ بۆ حورمەتی ئینسان جوان نییە بێهێز بێ،ناهێڵێ وەك خۆی ئازار و خەمەکانم بەجوانی لەدایك بندەزانم تۆ نازانی بەجوانی لەدایکبوونی خەم و ئازار یانی چی!وەلێ ڕەنگە باشتر بم کاتێك بەسەر و چاوی ئەم گەردوونە قێزەونەدا

ئەڕشێمەوە و هەرچی ئازار و خەمە بەڕوویدا

دەدەمەوە.کەچی هەر زوو بیرم دەکەوێتەوە و بەخۆم

دەڵێم؛جا کام ڕووە؟مەگەر هەیەتی

من شەوانە بیرەوەریەکانم دوور دەڕۆن، دەڕۆن تا دەگەنە

وێستگەیەك لەوێوە دەچن بۆ شاری یادگاریەکانت و

سەفەرێك دەکەن تا خۆرم لێ هەڵدێت ناگەڕێنەوە،

بێ ویژدانانە یەخەی بیرەوەریەکانیان گرتووم

وەلێ لەبری ئەم هەموو سەفەرەی شەوانە،

ئێوارەیەك یادگاریەکانت دەکەم بە ملوانکەیەك و

لە ملمدا هەڵیاندەواسم، بەسەر تەختی سینەشمدا

مەسیح ئاسا مەصلوبیان دەکەم

من ئێستاش ئایشە شێتم بیرماوەکە زۆربەی کاتەکانی لە

کۆڵانەکەی خۆیاندا بەسەر دەبرد، لەبەر دەرگای ماڵەوەیان

ڕۆژەکانی تێدەپەڕانت، هەموو وەختێ پێدەکەنی بە

هەموو شتێ دڵ خۆش دەبوو

وەختێ گەنجێکی بدیبایە شەرمی دەکرد و

لەچکەکەی دەخستەوە سەر ڕوخساری وەك بڵێی بیەوێت

نازێك بکات، جارە جارە قژە کورت و خراپ بڕاوەکەی وەدەر

دەکەوت هەمیشە حەزی دەکرد لەگەڵ هەمووان قسە

بکات هەمووان بدوێنێ و هەواڵی هەمووان بپرسێ

هەندێ جار منداڵانی کۆڵانەکە بانگیان دەکرد

ئایشە شێت! کز دەبوویەوە و بەدەم خۆیە دەی گوت شێت

نیم وام پێ مەڵێن بیرمە ڕۆژێکیان بەبەر دەرگای

ماڵەکەیاندا تێپەڕیم، ئایشە لەوێ نەبوو

منداڵەکان کزی و بێدەنگیان پێوە دیار بوو

!پێمیان گووت؛ ئایشە چووە بۆ بەهەشت

شەوێك لە شەواکان هاواری لێ هەستا و

گوتی خودایە لەم هەموو کەسە هەواڵم پرسی و

نە خەبەرێکی هات نە ڕۆژێك خۆی هات و شێتیم ببینێ

من لەبیرمە کاتێك لەجەنگدا بووین و یەکێك لە سەربازەکان هەواڵی مردنی دایکی پێگەیشت ، ئەمیش بەرگەی نەگرت و لە دەریاییێکی بێ کۆتادا خۆی خنکاند، لەکۆتا نامەی بۆ دایکی نووسی بووی ' نامەیەکی درێژ بۆ دایکم بیرت دەکەم ' لە گیرفانی یەکێك لە سەربازە کوژراوەکان وەرەقەیەکمان دۆزیەوە تێیدا نووسرابوو: ، ئەگەر مردم، باوەڕ بە هەمو شتێك مەکەن، ئەگەر دایکم لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پوچ وتی کوڕەکەم ئاواتی شەهید بوون بوو وە دەیگوت ئێمە دەمرین و نیشتیمان دەژی)، باوەڕی پێ مەکەن چونکە من وام نەگوتوە، منیش وەك ئێوە ژیانم خۆش دەوێت و خۆزگە بە مردن ناخوازم، بەڵام پێشکەشکارە گەمژەکە وای کردوە کە دایکم وابڵێت

وە ئەو هاوڕێیەشم کە وێنەکەمی لەماڵەکەی هەڵواسیوە و شیعرێکی لەسەر نوسیوە کە تێیدا شانازی بە شەهید بونی من دەکات ، بڕوای پێ مەکەن چونکە ئەو دوو ڕوێکی گەورەیە و چەندین جار داوای بڕێك پارەم لێی کردوە بەڵام خۆی لێ دەدزیەوە، وە سەرکردەکەشم، هەرگیز بڕوای

پێ مەکەن کاتێکباسی ئازایەتی من و خۆشەویستی من بۆ نیشتیمان دەکات لە مەراسیمی شەهیدەکان، سەیری جلە ڕازاوەکەی بکەن، ئەو جلەی بەو پارەیە کڕیوە کە وەك یارمەتی بۆ ئێمەی کوڕە هەژارەکان دەنێردرا، بڕوا بە هیچ مەکەن جگە لە گریانەکانی دایکم کاتێك بەتەنیایە و تێکشکانی باوکم، وە فرمێسکە سوکەکەی ئەو کچەی کە خۆشەویستمە و هەمو جارێك بەڵێنم پێی دەدا ، کەباش،دەبم ببورە نیشتیمانم ، من لە پێناو تۆ نەمردم بەڵکو لە پێناو لوقمەیەك نان مردم لە نیشتیمانێك کە کەمترین پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابین نەکردم. جەنگ تەواو ، لەو ڕۆژە ملیۆنان کەس لە جۆرەها شوێنی جیاواز سومایان دەکرد تەنها ئەوانە نەبێت کە تامی جەنگیان کرد ئەوان بەبێ دەنگی مانەوە، من و زمناکۆ گەڕاینەوە نیشتیمانە ئازادکراوەکەمان، ئەسەف نە ئێمە وەك خۆمان ماینەوە نە نیشتیمان ، من و کوڕەکانی تر لە بێ پارەیی و بێ کاریدا خەریك بەڕێکردنی ڕۆژەکانی تەمەنی گەنجێتیمان بووین بە حال فلسێکمان دەست ئەکەوت بۆ

پاکەتێکی جگەرە تا بمانکوژێت ، ئەو کچانەشی کە چاویان لە شینایی ئاسمان دەچوو و قژیان وەك خۆر زەرد بوو هەر ڕۆژە و خەریك کارێکی نوێ بوون ، ئەمانیش ڕۆژەکانیان بەڕێدەکرد بە چاوەڕێکردنی هاتنی مۆدێلێکی بەرزتری ئۆتۆمبێلْ و مۆبایلەی دەستیان ، بەو ناسکی و جوانیەی خۆیانەوە ئێواران بەو بێچارەییەمان پێدەکەنین و لە پێشماندا ڕەت دەبوون، لە یەکێك لەو ئیوارە ساردانەدا هاوڕێیەکمان کە قاچێکی بڕابویەوە لە جەنگدا بەدەم کێشانی جگەرەکەی دەستیەوە بەئێمەی گووت؛ براکانم ئەزانن کوڕ بەدبەختترین مەخلوقە کە دروست کرابێت، بریا هەر ئەو ڕۆژەی کە سەربازەکە خۆی خنکاند و ئێمەش لەجیات هەموو ڕۆژ مردن لەگەڵ ئەو بەجارێك بگەڕابایەنەوە بۆ لای خوا گیان و نەجاتمان بوایە لەم ژیانە پیسەی ئێرە ئاخر مرۆڤ لە وڵاتەکەی مندا ، هەر لە بەیانیەوە لەخەو هەڵدەستێت، دڵی دەشکێت تا ئێوارە درەنگ

دڵی خۆی ئەباتە ژێر بەتانیەکەوە دەخەوێت، هەر خەڵکە لەسەر شەقامەکان، بەهۆی نەخۆشیەکانی دڵ وەك

گەڵای پایز ئەوەرن و ئەڵێن ئەوە خودا بردیەوە بۆخۆی

بە گەنجی لەپڕ ئەکەون و دەڵێن بەو تەمەنە کەمەوە

ڕۆژی تەواو بووە، من ویستم شتێکتان بۆبکەم وا زوو

ڕۆژیان تەواو نەبێت، ویستم شتێك بکەم، خوا بەو گەنجیە

و بەو بەهارە نەیانباتەوە بۆخۆی و کەمێك بانگ

کردنەکەیان دوابخەم، هەموو ئەمانەم وایان لەمن کرد ئەو

خەونەم هەبێت، خەونی درووست کردنی دڵێك لە پلاتین

کە هەموو دڵشکانی دنیای تیابێت و لە سەما و جۆلانەی ،

خۆشی نەکەوێت، وەك ئەحمەد کایە دەڵێت

(بێ پەنجەرە مامەوە دایە کۆلارەکەم لە تەلەکانەوە ئالاوە

کوا تەمەنی لاویم دایە؟) من لەو تەمەنە کەمە نووقم

بووم نوقموون بریتی نیە لە کەوتنە ناو ئاوەوە، کەس

بە ماسی ناڵێت نووقم بوو، لە بەرامبەردا لە هەوادا

نووقم دەبێت بۆیە نووقوم بوون بریتیە لە کەوتنە ناو

شوێنێك جێگای تۆ نیە، نوقومبوون یانی لەدەست دانی نا

ئومێد ئاخر ژیان بەڕووی ئێمەوە هێواش هێواش

ئەوەستێت بۆشایی دڵتەنگیەکانمان وەڵامی قورسی ئەوێ

جەنگەکەی دڵمان شەهیدی زۆری دەوێت،

ژیانی ئێمەش خۆشی ناوێین، ئیتر تێبگە هەموو دەرگاکان

داخراون ئومێدمان تەنها هەناسەدانە،

دەمەوێت لەبیرت بکەم بەڵام ناتوانم کە دەڵێم ناتوانم

ئێ دیارە هەوڵم داوە لەبیرت بکەم و سەرکەوتوو نەبوبم

ئەوانە بێ ئوومێدم دەکات من بۆ ئەوەی تۆم بیربچێتەوە

بەرد دەگرمە هەنگ و پەپولەی سەر گوڵەکان، ئێسقانی

بەردەم پشیلە تەنیاکان دەڕفێنم، توتکە سەگەکان لە

دایکیان جیا دەکەمەوە، هێلکەی چۆلەکەکان لە

هێلانەکەدا دەردەهێنم و دەیخەمە ژێر مریشکەکان، تف

هەڵەیەمە سەر جامی ماشێنە جوانەکان

بۆ ئەوەی تۆم بیربچێتەوە کاشی سەر شەقامەکان

دەبژێرم، شەوان یاری بە پلاکی ژورەکەم دەکەم، ئێواران

کاتێك بە پاس دەگەڕێمەوە قۆڵم لە جامی ماشێنەکە دەهێنمەوە دەرەوە و سیگار دەکێشم و فیکە لێ دەدەم،

هەر ئەوەندەی گەشتمەوە ماڵەوە هەموو ئەو کارانەم بیرئەچێتەوە بەلاّم تۆم بیرناچێتەوە لە سوچێکی ژورەکەمدا توند هەردوو ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم و بۆ ڕۆشتنی تۆ دەگریم

ئەبێ ئێستا ئەتۆ پێت وابێ چۆنم بێ تۆ؟

دوای ئەو هەموو ساڵە بیرمە ئەو ڕۆژە لەناو کوچە قەڵەباڵغەکانی شار دڵم چەند خێرا بوو چەند خورپەیەکی کۆنی کرد دڵیابووم لە بونی ڕۆشتوێك لەنزیکمەوە ئیتر ئەم ڕۆشتووەش تۆ بوویت و دەستت لە دەستێکیتر بوو هیچ شتێك بۆ من جێی گومانو سەرنج نەبوو بەدەر لەوەی کە پەیمانت دابوو دوای پەنجەکانی من پەنجەیەکیتر نەیەتەوە ناو پەنجەکانت نە ون بوونت نە دووریت نە بینینەوەت نە ئەڵقەی دیلکردنت هیچیان سەرنجی منیان

ڕانەکێشا بەدەر لەم پەنجانەی لەناو پەنجەکانت بوون
ئەوە من نیم ئەپرسم کە تۆ پێت وایە چۆنم بێ تۆ؟

بەڵکو من ئەپرسم چۆنی بێ من، ڕاهاتی لە نەبوونم؟

ئەرێ ئەم ملوانکەیەت هەرماوە کە تێکهەڵکێشی
وێنەکانمان بوو چی دەربارەی تامەزرۆیی بینینی من؟

ئیتر با زیاتر پێونەڵێم چونکە دراوسێکانت ئەزانن منت
هەبوو و چویتە ئامێزێکیتر نامەوێ بەرد بارانت پێت بڵێن

دڵشکێنەر ئەگەر ئەشپرسی چۆنم بێ تۆ ئەژیم و ئەژیم و
ئەژیم، ئەو ئێوارەیە لەسەر شەقام بووم و دەستەکانم
خستبووە ناو چاکەتەکەم ، گوێم لە دەنگیکی کۆنی
هەندێك غەریبە بوو
هۆو ئەحمەق گیان، هۆو"بۆ ئاوها نا حالی؟
چیە کاکە دوورە شاریت؟ خۆ دەزانی کێم؟
"فوادم هاورێی سەربازیت
منیش پیکەنینێکی سارد کەوتە سەر دەمم و گوتم
فواد گیان خۆتی؟،"

نا کاکە گیان لە ناو شارم، بەلام هەست بە ئاوارەیی

"دەکەم

تێنەگەیشت وتم وەرە لەگەڵم، دوبارە وەك جاران چوینە

جادەی منداڵی وتم :

.فواد ئەگەر ئەمجارە شەر هەڵگیرسا دەگەڕێینەوە

دەگەڕێینەوە ئەو قوڕە بشێلین کە باوکان گرتیانەوە،

ئەو شەڕە تەواوکەین کە باپیرانمان هەڵیانگیرساند،

ئیتر ناڵێین کێ بەم قیامەتە ئێمەی نارد بۆ ئەشکەوت؟

دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە پرسەی برادارەکانمان چا بگێڕین،

ئیتر ناڵێین ئەم هەموو تەرمە چۆن بنێژین؟

دەگەڕێینەوە ئەسپی بەدکاران ناڵ دەکەین،

باسی ئەو دیاریانەی دەستگیرانەتی ناکەین کە لێیمان دزرا

دەگەڕێینەوە خەنە دەگرینەوە بۆ پەنجەی خائینان،

وەك سەگی قوڕاوی دەگەڕێینەوە

وەك داڵەکەرخۆرە ئێوارەر گەڕاك پڕ دەکەین لە شوومی

دەگەڕێینەوە و دوعای خێر بۆ کەس ناکەین

لێم تێگەشت وتی:

نەخێر ناچمەوە جەنگ ئاخر لەجەنگ هەموو شەڕێکدا

ئەوەی ئەمرێ منم ئالاّ بەدەست، پیاکێشەر هەموو ژنێ

, نینۆك لە خاك گیر ئەکا منی ئەبێ

تاسە منم، شەڕ منم، عەشق منم لەناو قسەکانیا خەیاڵم

بۆ ئەو شەوە نامەی بۆ دایکی دەنووسی و نووسی بووی:

چاوەڕێم بە دایە، بەیانیەك دەرەپەڕم دێم بۆ

گسکدانی ئازارت بە ناوێکی تر، بە دەنگێکی تر لە باوەشی

هاوتەمەنەکانمدا ، گوڵ لە ناو گوڵەکانی وڵاتێکی تردا

ئەهێنین و دەگەڕێینەوە

قسەکانی تەواو کرد وتم ئەی بەچی ئیشێکەوە خەریکی

وتی: کۆڵێ ئیش کەوتووە بەسەرما یەکەم دەبێت

هەتاو بگەڕێنمەوە ئاسمان، دووهەم ئەبێت لەمانگ

بپاڕێمەوە هەتا بگەڕێتەوە بۆ شەو سێهەم بایەکان

هانبدەم هەتا دووبارە هەڵبکەنەوە ، ئینجا قسە بۆ

گووڵەکان بکەم تا جارێکی تر بەبیریان بێتەوە ڕۆژگارێك

جوان بوون ئەم دونیایە یەك دونیا ئیشی دەوێت تا دوبارە
ببێتەوە بە دونیا ببوە دەمەو ئێوارە فوادیش ڕۆیی

بووە نیوە شەو لە ژوورەکەم دانشتبووم

ڕەنگە تۆ نەزانی بەڵام حەزم دەکردپر بەدڵی خۆما هەڵیت
و پەڵیت بڵێم وڕێنەیەکی بێمنای شێتانە لەگەڵ
سەرقوڕسێکی وەك خۆمدا بکەم، حەز ئەکەم

بەزمانێك بدوێم کەس لەم ئاخوتنەمان حاڵی نەبێت
مەگەر هەرخۆم و خۆت نەبێت تۆ نازانی ،

نازانی انسان هەیە بەئازار ئەژنۆکانی لەکار ئەکەون
کەچی من قاچەکانم ڕەقتر و جێگیر ترئەبن بەسەر پشتی
نەفرەتی دونیادا تۆنازانی ، نازانی کەمن سەرقورس ئەبم
تەنانەت حەزم بۆجلە شیکو ڕێك پۆشەکنیشا

نا مێنێ تەنیا پارچیەکی بێ حەوسەڵەی دڕاو کون کون
نەبێ کەشێتێك لەبەری ئەکاو پێی ئەناسرێ . ئەمەوێ
ئەم پارچە دڕاوە بە شێوەیەك لەخۆم لولبدەم کەس
نەزانی لەنێودا مرۆڤێك بونی هەیە کەدڵێ هەر بەگەرمی

خەریکە لەلێدان ئەکەوێ .. تۆنازانی ، نازانی کەسورقورس

ئەبم پیسیەکانی جادەیەکی بێ حەوسەڵەم خۆش دەوێ

تەنانەت تەنەکەی ئەو خاشاکانەو زبڵە فرێدراوەکانی سەر

شەقامەکانیشم لا جوانتر دەبێ نازانی من کەرقمە

لەسیگار بەڵام کەسەر قورس ئەبم سیگار داگیرسانێکی

دووبەدویشم لابەچێژ دەبێ گەر لەگەڵ تۆبێ .. باکم نیەو

گوێی پێ ندەم بەوەی کە ئەشێ ئازار لەکەلەی سەرم

زیاتر تاوم بدات من بەئەندازەی سەرقورسیەکەم ئاڵودەبوم

هەربەخودی ئەو سەر قورسیە، تۆنازانی کەسەر قورس

ئەبم ئەمەوێ کەسێ لەخۆم سەر قورستر منافەسەی بێ

حەوسەڵەیم بکات کاتێك کەبڵێم باش نیم ئەو بڵێ

منیش کاتێ کەگریام بێ ئەوەی هۆکاری گریانەکەم

بپرسێ ئەویش لەگەڵما بگریت هەتا ئەمەوێ بەیەکەوە

تف لەچارەی ژیان بکەین من بڵێم نەفرەت ئەو لەدوای

منەوە بڵێ هەزار لەعنەت .... ڕەنگە تۆنەزانیت

مروڤە ئاسودەکان و دڵ خۆشەکان ئاسودەیت بۆناهێنن

مەگەر هەر سەرقورسێکی وەك خۆت نەبێ

تۆنازانی بەتەنیا ڕێکردن بەنێو سەرقورسیا

لەقەبرستانێکی چۆڵ ئەچێ کە جگە لە ئازاردنی ڕوحی

مردوەکان هیچ شتێکی تر نابستیت کەئەمەش سەر

قورسترت ئەکات تۆ، نازانی کەسەرقور ئەبم هێندەی ئەو

زێکرە پیرۆزانەی کەدایکم لەڕۆژی هەینیاندا بەدڵ ئەیکات

بێ تاقەتی خۆی لەگیانم ئەدا ئەسلەن لەم ڕۆژانەدا

سەرم قورستر دەبێ تۆنازانی ڕەنگە فریشتەی ڕوح کێشان

لێمەوە دیاربێ، بەڵام کاتێ سەرقورسێکی تر لەتەك

سەرقرسی منا ئەبینێ خوداش مەرگ دوابخات

لەناو ئەم بیرکردنەوە و خەیاڵانە خەوم لێکەوت و بۆ

بەیانی زمناکۆ زەنگی بۆلێدام و چووینەوە هەمان کافێ و

هەمان شەقام سەیرێکی کردم وتی: ئەچمەوە جەنگ

تاقەتی ئەم مەرگەساتەم نیە، من کە برا دوانەکەم مرد

دایکم دەستی کردە لاشەکەی هاواری دەکرد و ناوی منی

دەهێنا تا ئەمڕۆش هەڵەکەم ڕاست نەکردەوە من مردم

براکەم ژیا، هەموو شەوان بەبیانووی ئەوەی ئەچمە سەر

جێگەکەم تا دوور بم تا تەنها بم گوێ لەو گۆرانیانە دەگرم

کە لای ئێمە تایبەت بوون ورد ورد نامەکانی دەخوێنمەوە

بەچەشنی ئەوەی دانشتووە و قسەم بۆ دەکات، لێمگەڕێ

بچمە جەنگ ،،

گەڕامەوە ماڵەوە و پایز کۆتایی ،

تەنانەت هەواش دەستی کرد بە ساردبوون کرد لەگەڵمان

یەکەم بارانی زستان دەباری، خەریك بووم دەمنووسی

پەنجەرەی ژوورەکەمم کردبۆوە، دڵۆپی باران و بۆنی باران

دەهاتە ژوورەکەم

خەریك بووم باسم دەکردی، باسی جوانیت، باسی میهریت

باسی یەکەم دیدارمان، لە نێو تێنووسەکەما ورد ورد

باسی ئەو ئێوارەیەم دەکرد لە تەك تۆوە ڕێم دەکرد، ئەو

ئێوارەیەی خەنی ببووین بە دیدەنی یەکدی

پێکەنین ڕوخسارمانی داپۆشی بوو، بوونت هێندە جوان

بوو، بۆ حاڵم هێندە باش بوو، خۆزگەم دەخواست کۆتایی

نەیەت ئەم دیدارە

وەلێ وەك هەمیشە خۆزگەکانم وەك جۆگەی ئاو، دەڕژێن و دەڕۆن، دەڕۆن تا دەگەنە ڕووباری خۆزگە

لەوێ وەك هەموو خۆزگەکانیترم ون دەبن ،سەری ساڵیش نزیك بوو بەڵام من خۆشەویستیت لە ساڵێکەوە دەگوازمەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەنگت، بۆنت ، نامەکانت ،

وە سندووقی نامەکانیشت ئەگوێزمەوە و هەموویان هەڵدەواسم، لەنێو دۆڵابی ساڵی نوێ وەك ئەو کۆترە سپیەی قردێلەیەکی لەلا ملی بەستراوە، وەها یادگاریەکانتم لەگەردەنمدا هەڵواسیوە، وەك ئەو خاڵانەی لاملم وەك نیشانەکانی جەستەم نووساوی بەدڵمەوە

دەزانیت

' من و تۆ وەك ٣١دیسەمبەر و یەکی جانیوەری نزیکین وەلێ ساڵێکمان مابەینە "

کاتی بوو زمناکۆش بڕوات بۆ جەنگ خەریك بوو ماڵئاوایی

له خوشكه بچكۆڵانەكه و دايكه ماندووەكەی دەكرد، كاتێك
ماڵ ئاوايی لەمن دەكرد پێی دەگووتم :

كه دەگەڕێتەوە بێ خەم بم و نزای باش بوونی بۆ بكەم

دەی گووت كه لەوێ لەنێو تۆپ باران كردندا

لەنێو هەزاران جەنازەدا نامەت بۆ دەنووسم بۆتی دەنێرم

وێنەيەكمی لەگيرفانيدا دانا بوو

گووتی هەموو شەوێ بەر له خەوتنی سەيرم دەكات

گريام به كوڵ گريام

نــا ئازيزم مەگريێ دێمەوە، -

دێمەوە لەتەنيشتت خۆم زيندانی دەكەم دەچينەوە كافێ
و له شەقام پياسه دەكەينەوە يادگاری منداڵی دووباره
دەكەينەوە، توند دەست لەملت دەكەم شاد دەبمەوە پێت
مەگريێ ،،

وەلێ نه نامەيەك هات نه هەواڵێك

ئیدی زانیم فیشەکە نەفرەتیەکان دڵیان کون کردووە

خوێنیان لێ چۆڕاندووە!

زانیم کە موشەکە بێ ویژدانەکان دڵیان هەلا هەلا کردووە!

ئەمێستاش لەبری دەستەکانی

ها ئەوەتا زنجیری سەربازییەکەی لەملم

ئەوەی ماوەتەوە یادگاری ئازیزەکان و خۆم و خۆم و خۆمم

لە کۆتاییدا هەمووان بوونە برین بوونە جوانترین یادگاری

ژیانم بوونە ئەو چیرۆکەی تا ئەبەد لە خرۆشەکەی تێرنابم

تەرمی زمناکۆمان ناشت کە خۆڵت کرد بەسەر سینگی

ئازیزێکت ئەوسا دەزانی ئازار چیە، بەڵام لەبیرت بێت

هەموو مرۆڤێك بە ڕادەیەك پێویستە ئازار بچێژێ، دەبێت

ئازار دادپەروەرانە دابەش بێت، بەسەر جوان و ناشرین و

دەوڵەمەند و هەژار، مرۆڤ بە حەیفی ئەزانێ جوانێك

ببینێت ئازار بچێژێ هەر هەمووی دەوری لێ ئەدا و دڵی

ئەداتەوە، بەڵام لە هەمان کات دا کەسێك وا نەبێت نابێتە

جێی بەزەییان ئەسڵەن بە شایەنی ئەزانن، من ئەڵێم مرۆڤ زۆر بێ قیمەتە بۆیە هەمیشە پێم باشە تا بکرێت ئازار بچێژێت تا لە کۆت و بەندی عەقڵی کۆنی ڕزگاری ببێت، دەبێت ئازار قبوڵ بکرێت وەك مەنهەج لە ژیانی هەموو کەسێك لە هەر پێگە و ئاستێك بێت

ئەم بەیانێیە لەوە گەیشتم ئەکرێ مرۆڤ بەیانیەك لەخەو هەڵبستێت واحساس بکات کەشت گەلانێك هەن بە کتوو پڕی و خێرایەکی زۆرەوە

لە وجودو ناخی داگۆرابێ ، بەیانییەك لەخەو هەڵدەستێت و ئەبینیت ئەمڕۆت جیاوازترەو لەڕۆژەکانی ترت ناچێ و دەڵت تێدا تەنگ نابێت بەڵکوو بەپێچەوانەوە جۆش و خرۆشیەکی بەتین سەرتاپای گیانت دائەگرێ دەنگی تەپە تەپی دڵت بەرزتر پەلەقاژەی هاوریەتی و دەرئەچێ وەبەسانایی هەست بەبیستنی ئەکەیت ،ئەسڵەن ئەم بەیایە تەنانەت دونیاش ئاسایی خۆیت پیشان نادات بەشەوقو ڕەونەقتر دێتە بەرچاو ،ئەکرێ لەم بەیانیەدا

تیشکی خۆر بەهێزتر بێ نەسیمی بای ئەم بەیانییە

.. جوانتر خۆی بدات لەڕوت و کایە بەزوڵفت بکات

ئەشێ ئەم بەیانیە دڵت لەسینەتدا خێراتر لێ بدات و بێ ئۆقرە بێ وەك ئەوەی کە بیەوە لە قەفەزەپارێزراوە هێلانەکەی خۆیدا هەڵفریت و ڕەها ببێت ، ئەشێ ئەم بەیانییە خۆی لەڕاستی

وەرز ساردی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردبێ و هێنابێ ، بەلاّم ئەم بەیانیە جیاواز لەجاران ئەستەمە تەزیوی هیچ ساردیەك ناخت بکات بەبەستوو ،بەڵکو دەرونت لەهەموو ڕۆژەکانی تری ساڵدا تینی ب گەرمی زیاتری تاوت بۆدێنێ ، وەك ئەوەی هەبویەك هاتبێ لەناوەوەتدا ڕوپوشی بکات وەك ئەوەی تارمایەك عاشقانە باوەشی لێ بدات ، بەهەر حاڵ بەوەئەزانیت کەئەم بەیانییە عەمکێك گۆڕان لەتەواوی خۆت و ڕوح و دڵ و دەرونتدا تەشەنەی سەندوە کە لەمرۆڤێکی لەوەپێش چوو ناچیت و ،

وەتا ئێستا بەم شێوەیە نەبینراویت بگرە جیهانی
دەرەوەش خۆیت بۆ نوێ ئەکاتەوە هەموو ئەوشتانەی
کەلەوەو پێش بەقەتیسی لەشوێنی خۆیاندا گیریان
خواردبوو کۆتو بەندی دەستەکانی ئەپچڕێنێ خۆی
لەبەرگی ئازادی ئەدا ،ئەم بەیانییە مورەیی لەسەر
ڕوخسارە پەپولە ئاسا ناسکەکت خۆی وەلادەنێت بەڵکو
لەجێی ئەوە زەردەخەنەیەکی شێتانە دات ئەپۆشی و
لەبەر خۆتەوەو لەبەردەم پارچە ئاوینەیەکی اهمال کراو
لەپیشودا بەحەوسەڵەوە لەبەرامبەر ئاوێنەکەدا،

هەست بە ڕوخسارێکی نووێ دەکەیت و لە بەیانی دا
هەموو شت باش بێت و تێبگەی ئەوەی بەسەرت هات تۆی
بەهێز کردوو وەك خەوێکی ناخۆش تێپەڕی ،،

ئەوەی ئێمە هۆگری بوین و پێمان وایە ناتوانین  بێ ئەو
بەردەوامی لە ژیان کەین، بریتیە لەو دونیایەیی کە
بەهۆی مرۆڤێکەوە بۆخۆمانمان دروستکردوە نەك مرۆڤەکە
خۆی... کاتێك مرۆڤێکی تازە دێتە ژیانتەوە سەرتاپای ژیانت

ئەگۆڕێ وات لێ ئەکا دنیایەك دروست کەی بۆخۆت و خەیاڵەکانتی تێدا بلاو کەیتەوە...پێت وانەبێ ئەو مرۆڤەیە وای لەتۆ کردوە بەو جۆرە بەردەوامی کەی لەژیان هەمیـشە لەبیرت بێ ئەوەی بۆتۆ گرنگە خەیاڵ و ئەو دونیایەیە کە خودی تۆ دروسی کردوە نەك مرۆڤەکان بۆیە هەمیـشە بیخە مێشکتەوە ژیان بێ ئەو کەسەش کە پێت وایە بێ ئەو ناژی بۆتۆ هەر ژیانە ...لەسەرەتای دروس کردنی هەر پەیوەندیەك پێیان بڵێ تۆ خۆتی ! گەر ڕۆژێك ئەوانیش نەبن تۆ هەر خۆتەبیت

دەبێت ئەوەش بزانین ئازار واقیحەتی ژیانە

' شیرینی و شیرینی پێکەوە تام نادەن دەبێت تاڵیەك هەبێت هەتاووەکو چێژ لە شیرینیەکان وەربگرین '

ئازار ئەتوانین بڵێین ڕاستەقینە ترین شتە کەوا لەتۆ بکات وا هەست بکەیت ئەم دوونیایە بوونی هەیە بەڵگەی بوونی مرۆڤ ئازارە بەڵگە بهێنینەوە بەو کەسانەی کە دەسووتێن ئازاریان کەم دەبێتەوە دەڵێن هەست ناکەم

بوونم هەیە ئەوە بەهۆی ئەوەیە هەست بە ئازار ناکەن و تام لەژیان نابینن ئازار وادەکات هەست دەکەیت دەژیت

لەهەر بابەتێکدا بوویت کەلەناو ئازاردا بوویت بزانە ئەوە

ڕاستەقینەیی و ڕاست گۆیی ئەو ڕێگاییە کەتۆ پێیدا دەڕۆی، هەوڵدان بۆ دڵخۆشی بەس نیە بۆ ئەوەی تۆ دڵخۆشی بەدەست بێنی ژیان خۆی ئەوەندە ئاڵۆز و پڕ کێشەیە کە دەبێتە هۆی درووست بوونی دڵە ڕاوکێ و ناسەقامگیری دەروونی و ئازار جاری وا هەیە دەبێتە شەرمەزاری و بێ هیوایی و هەتا دوایی ئەمە ڕەشبینی نیە ئەمە خوودی ژیانە ئەمە ڕاستی ژیانە دەبێت تێبگەین

کاتێك لە منداڵی تێدەپەڕین تەنها بەم خاڵەیە دەزانین ئازار ڕاستەقینەیی گەردوونە دەبێت دانی پێدا بنێیت

بۆ ئەوەی ئەم دڵشکانە بەس بێت و بووەستێت پەیامی ژیان ئەوەیە بەرپسیارەتی کارەسات ئامێز و قورسی ژیان هەڵبگری من نامەوێت هیوا بفرۆشمەوە ژیان خۆی پڕ کێشە و پڕ حەیب و پڕ ئازارە وە ئازارەکان ڕاستن هەست بە

ئازارەکەی تۆ ناکەم بەس دەزانم ڕاستن چوونکە هەستم
بە ئازارەکەی خۆم کردووە، تێدەپەڕێت ئازیزم تێدەپەڕێت
هەموو تاڵیەك تێدەپەڕێت هەموو ئەو ئازارانەی بە
پێنووس و دەست و پەنجە نانووسرێن هەموو ئەو ژانانەی
زمان دەریان نابڕێت، هەموو ئەو گریانانەی تا بەرەبەیان
دەرێژرێن ، هەموو ئەو ترسانەی کە ژینی لێکردووی بە
ژەهری تاڵ، هەموو ئەو ئاهانەی نانووسرێن تێدەپەڕێت کە
کاتی هات خودا تێی دەپەڕێنێ، ڕەنگە وابیر بکەیتەوە
ڕزگار بوون لەم قیامەتە هەڵگیرساوە بوونی نەبێت بەڵام
تێدەپەڕێت، شتەکان لەبیر دەچنەوە و بەبێ ئاگایی
تێدەپەڕن، لە ڕاستیدا خودا ڕێکی دەخات تا تێپپەڕێت

' ژان لە ژیان دایە '